# مەی وەك میراتێکی سۆفییانە لە شیعری مەحوی دا

## ( خوێندنەوەیەکی تەئویلیانە )


**پ.ی.د. تاهیر محمد علی**
**سکوڵی زمان – زانکۆی سلێمانی**

**د.هێمن عومەر خۆشناو**
**فاکەڵتی ئاداب – زانکۆی سۆران**



**پێشەکی:**

مەی وەك میراتێکی سۆفییانە لە شیعری مەحوی دا، ناوونیشانی ئەو لێکۆڵینەوەیەیە، کە هەوڵ دەدات لە روانگەیەکی تەئویلییانەوە خوێندنەوە بۆ چەمکی (مەی) بکات، لە سۆنگەی ئەوەی ئەم زاراوەیە رووبەرێکی فراوانی لە شیعری سۆفییانەی کوردی بەگشتی و شیعری مەحوی بەتایبەتی داگرتووە. بۆیە لەو روانگەوە مانا فراوانەکانی و شێوەکانی لە شیعرداوچۆنیەتی خزمەتکردن بە چنینی شیعری لای مەحوی دەخاتە بەر لێکۆڵینەوەی هونەری ڕەوانبێژی.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا ئێستا لە شێوەی باسی سەربەخۆ ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نەکراوە، بەتایبەتیش زۆر لێکۆڵینەوە لە شیعری مەحوی کراون، بەڵام بە شێوەی سەربەخۆ ئەم چەمکە خوێندنەوەیەکی تەئویلی هێرمینۆتیکیانەی بۆ نەکراوە.

ئەو رێبازەی لەم لێکۆڵینەوەیە گیراوەتە بەر رێبازی شیکاری رەخنەییە بە پشت بەستن بە بنەماکانی تەئویلی.

باسەکە بەسەر چەند سەرەبابەتێك دابەشکراوە، کە تێیدا سەرەتا مەی قورئانی وەك بنەمایەکی سۆفیگەرییانەو پاشان دەرکەوتەکانی و پەیوەندی لەگەڵ ئەهلی کەماڵ و ئیشکالییەتەکانی چەمکەکە بۆ وەرگر قسەیان لەبارەوە کراوە. دواتر هۆکارەکانی بەکارهێنانی مەی لە دەقی سۆفییانەو پەیوەندی مەی لەگەڵ هەریەکە لە یارو نێرینەتی و مێینەتی و نوورو ساقی و خوداو نەی و عیشق و هەروەها سیماکانی مەیی مەعنەوی لە شیعری مەحویدا بە خوێندنەوەیەکی تەئویلییانە توێژراوەتەوە. لە کۆتایشدا بە چەند خاڵێك ئەنجامەکان خراونەتە روو و دواتریش سەرچاوەکان بە پێی ریزکردنی پیتی هیجایی داندروان.

### ١-١ مەی قورئانی وەك سەرچاوەیەكی سۆفیگەری

نكۆڵی لەوە ناكرێ سۆفیگەری وەك بەرنامەیەكی گشتگیرو هەمەلایەن بە هەموو چلەپۆپەكانییەوەو لە نێویشیدا ئەدەبیاتەكەی، كاریگەری دەقی پیرۆز (قورئان) ی بەسەرەوەیە. لەو ڕوانگەوە ئەوەی كە كاریگەرییەكەی كەمێك لەبارە ئاساییەكەوە دوور كردۆتەوە مەسەلەی تێگەیشتنە، كە بە لای ئەوانەوە كاریگەربوونەكە دەبێ چنینێكی تایبەت لە خۆیدا بپۆشێ، بەڵام ئەگەر لە بابەت غەزەل‌و میراتە كلاسیكییەكەشەوە بۆی بڕوانرێ، دەردەكەوێت ئەم تایبەتمەندییە لە سەرچاوەكەیەوە، كە وەرگیراوە، تا دەگاتە ڕوانینی تایبەتی نووسەرەكە، لە چنیندا گۆڕانی بە سەردا هاتووە.

بابەتێكی وەكو (مەی)، كە لە ناو ئەدەبیاتی سۆفییانەدا، شوێنێكی دیاری گرتووە، بەر لەوەی ڕاڤەو تەئویلی جیاجیای بۆ بكرێ، بۆ ناسینەوەی سەرەداوەكانی كاریگەربوونەكە، پێویست وایە سەر لە سەرچاوەی ئاینیش بدرێت، بۆ ئەوەی لە تیشكی ئەوەوە لایەكی تەئویلەكە پشتگیری بكرێ، بێ ئەوەی حاڵەتی بە زۆر دابڕین بە سەریدا بسەپێ، چونكە ئەگەر بۆ دەقی ناسۆفییانەش وەك سەرچاوەیەكی كەلتوری بیروڕای ئاین لە كاریگەرییەكەدا وەربگیرێ، ئەوا بۆ دەقێكی پڕاو پڕ لە ڕەمزی ئاینی‌و سۆفیگەریدا، گەڕانەوە بۆ ئەم سەرچاوەیە كۆڵەگەیەكی گەورەی خوێندنەوەو لێكدانەوەی دەقەكەیە.

لە قورئانی پیرۆزدا لە شەش شوێناندا وشەی (خمر) هاتووە*، كە هەندێكیان لە چوارچێوەی قەدەغەكردن‌و یەكێكیش بۆ برەو پێدان‌و دەربڕینی گێڕانەوەیە[١]. تەرخانكردنی تاكە وشەیەك بۆ لایەنە ئەرێنی‌و نەرێنیەكە، كردنەوەی دەرگایەكە بە ڕووی ئەوەی مادەم بۆ دەقێكی وەك قورئان دروستەو بە تەنیا واتای وشە پەردە لەسەر مەبەست هەڵناداتەوە، بەڵكو دەوروبەرو سیاقی گشتی مەبەستەكە ڕوون دەكاتەوە. كەواتە لێرەدا ئەمە دەبێتە پاساوی ئەوەش، كە بەكارهێنانی وشەیەكی وەك مەی، یان پێكهاتەیەك لەم وشەیە دەگونجێ بە دوو ئاراستەی جیاواز هەڵگری واتا بێت، بێ ئەوەی بێتە نەنگی، بەڵكو بە پێچەوانەوە جۆرێك لە جوانی‌و لێزانی لە چنینەكەشدا بەرجەستە دەكات.

بەشی یەكەمی گوتاری قورئانی لەبارەی نەهی كردن لە (مەی) دونیاییەوە، ڕاستەوخۆو بێ پێچ‌و پەنا دژایەتی خۆی ڕادەگەیەنێ**، بەڵام هەرچی بەشی دووەمە نەك هەر مەی قەدەغە نییە، بەڵكو ستایش دەكرێ‌و بە خواردنەوەیەكی خۆش‌و جێگای چێژ وەرگرتن لای ئەو كەسانەی كە دەیخۆنەوە دایدەنێت، وەك هاتووە: مثل الجنة التي وعد المتقون فيها أنهار من ماء غير اسن وأنهار

* شەش شوێنەكان بریتین لە (البقرە٢١٩، المائده ٩٠و٩١، محمد١٥، یوسف ٣٦و ٤١)

١- المفهوم الرمزي للخمر عند الصوفية، الدكتور حسن الفاتح قريب الله، مكتب الدار العربية للكتاب، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٩٩ص٧١

** كە لە سورەتەكانی (البقرە و المائده)ن.

من لبن لم يتغير طعمه وأنهار من خمر لذة للشاربين * لێرەدا مەی لە ئاوو لە شیر جیادەکرێتەوەو خەسڵەتی مەی- یش، کە تامو چێژی هەیە لە روباری ئاوو روباری شیر زیاترە، دەگونجێ گرنگی دانی سۆفییەکان بەم وشەیە، لە ئەنجامی ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت:-

١- ناوی مەی (خمر) وەك بابەتێکی ئەرێنیو بە ستایشەوە بۆ بەهەشتییەکان لە قورئاندا بەکارهاتووەو سۆفیش بۆ بەهەشتو دۆزینەوەی مەحبوب لە هەڵپەدایە، وەك بابەتێکی ئاساییو حەڵاڵو بە واتا ئەرێنییەکەی گرنگی پێداوە.

٢- لە نێو خواردنەوەکانی شیرو ئاوو مەی دا، چاکترینیان بە پێی دەربڕینە قورئانییەکە (مەی)یە، بۆیە ئەوەندەی مەی لە ئەدەبیاتی سۆفییانەدا باس دەکرێ، ئەوەندە خواردنەوەکانی تر گرنگیان پی نەدراوە.

٣- مادەم بە دوو ئاڕاستەی جیاواز لە قوڕئاندا باسکراوە، بۆ مەسەلەی تێگەیشتنیش گەنگەشە دروست دەکات. ئەم گەنگەشەیەش بە قازانجی بیرو هزری ئایدۆلۆژیای سۆفییانە تەواو دەبێت.

٤- بە پێی دەربڕینە قورئانییەکە، دەبێ مەی چێژ بەخش بێت (لذة للشاربين)، لێرەدا چێژ بۆ بخۆرەوەی مەیەو ئەم چێژەش وەك بنەمایەکە، کە بیری سۆفییانە کاری لەسەر دەکات، بە جۆرێك هەردوو چەمکی مەیو ئافرەت لە بابەتی چێژدا یەکدەگرنەوە.

٥- دانانی (مەی) لەبەردەم پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ شیردا لە کاتی شەوڕەوی (المعراج)دا لە ئاسمانداو هەڵبژاردنی (شیر) لەلایەن پێغەمبەرەوە بۆ خواردنەوە[١]، مەدلوولی زۆر هەڵدەگرێ، بەوەی بۆچی (مەی)یش بۆتە کەرەستەیەکی تری تاقیکردنەوەی پێغەمبەر (د.خ)، ئەگەر نەیشیخواردبێتەوە، خودی دانانەکە ڕەمز هەڵدەگرێ، کە تا دونیا ماوە شەڕاب لە نێوان حەزو بڤەبووندا لە کێبڕکێ دایە.

### ١-٢ مەیو دەرکەوتەکانی

وەکو چۆن خۆشەویستی لە چوارچێوەی غەزەلدا بووەتە بنەمایەکی گرنگی میراتی شیعری سۆفییانە، وەك قالبو چوارچێوەیەك بۆ دەربرینێکی تایبەت بە خۆیانو بەخشینی چێژو تایبەتمەندی بە دەقەکانیان. بە هەمان شێوە بابەتی مەی وەك هاوتایەکی ڕەگەزی خۆشەویستی، ئەو پێگە گرنگەی لەناو شیعری سۆفییانەدا هەیەو گرنگییەکەشی لە چۆنیەتی کارلێککردنیەتی لەگەڵ بابەتی خۆشەویستیو وەك پاشکۆیەكو لایەنێکی جوانی بۆ دەقو چێژ بەخشین بە وەرگر، خۆی بەرجەستە دەکات.

* نموونەو وێنەی ئەو بەهەشتەی، کە بەڵێن دراوە بە پارێزکاران بدرێت، بریتییە لە: چەندین رووباری ئاوسازگاری تام نەگۆڕ، هەروەها چەندین رووباری شیر، کە تامی تێکنەچووەو چەندین رووبار لە شەڕابی تامخۆشو بۆنخۆش، کە ئەوانەی دەیخۆنەوە، هەرگیز لێی بێزار نابنو بە چێژەوە دەینۆشن... هتد، سورەتی محمد، ئایەتی ١٥.

١- مسند الامام احمد بن حنبل، تحقيق: شعب الارنؤط واخرون، رقم الحديث ١٠٦٤٧، المجلد ١٦، مؤسسة الرسالة، الطبعة الاولى، ٢٠٠١م. ص٣٧٩

ئەگەر خەیاڵ لە ناو چێژو جوانیدا بەرهەمهێنەری وێنەیەکی جوان و کاریگەری خۆشەویستی بێت، ئەوا لە ئەزموونی تایبەت بە مەی و مەیخواردنەوە لە دونیای واقیعدا، خەیاڵێکی تایبەت بە خۆی سازاندووە. ئەم سازاندنە بەرهەمی کەشێکی تایبەتە، کە بەهۆی مەیەوە بەرەو جیهانبینی و روئیایەکی دیاریکراو دەڕوات و تێیدا جۆرێك لە خۆ جیاکردنەوەو ڕازی نەبوونە بە واقیعێکی زاهیری، کە مرۆڤایەتی لەناو ئەم زاهیرییەتەدا سیخناخ بووە. لێرەشدا پەیامی سۆفیگەری لە بنەڕەتدا ڕۆیشتنە بەرەو باتین، باتینێك کە خەیاڵێکی تایبەت بەرهەم بهێنێ و توانەوەیەك بێت بۆ گەیشتن بە جەوهەری خۆشەویستی و حەقیقەت، کە لەو نێوەندەشدا هەروەك چۆن لە چوارچێوەی غەزەلدا پەنابردن بۆ شتە مەجازییەکان سازێنەری گرتنەبەری بەرەو حەقیقەت و جوانی چوون بوو، کە خۆی لە کردەی خۆشەویستیدا دەبینیەوە، ئەوا بۆ جوانترکردنی ئەم کردەیە میکانیزمگەلێکی پێویستە، کە کۆڵەگەیەکی هەرە سەرەکییان بریتییە لە شەڕاب و خۆگرخاندن لە مەیخانەیەکدا، کە یەکەمین دەرگایە بەرەو ڕووی گەورەبوون و گەیشتن بە ترۆپك.

جوانی و خۆشەویستی و چێژ، کە بنەمای هەرە سەرەکیی پێکهاتەی غەزەل بوون، مەی و پێکهاتەو ڕۆنانەکانیشی ئەم سێ چەمکەیان تێدا بەرجەستە دەبێ، بە تایبەتی لەناو ئەو ململانێیەی کە مرۆڤایەتی هەر لە زووەوە لەگەڵ لایەنی ماددی و ڕۆحیدا هەیبووە. هەموو ئەمانە خۆیان لە باتین و لایەنی ڕۆحیدا دەبیننەوە، بەجۆرێك ئەگەر ئەنجامی مەی خواردنەوە کاریگەرییەك جێ نەهێڵێ، ئەوا نابێتە چەقی باسکردن لە شیعری سۆفییانەدا. ئەم کاریگەرییە گۆڕانکاری بەسەر مرۆڤەکەدا دەهێنێ و لە پەیوەندییەکەدا لەگەڵ بنەمای سۆفیگەریدا یەکدەگرێتەوە، هەر ئەوەشە دیوی حەقیقەت بە دیوی مەجاز پیشان دەدات.

هەموو چەمکەکان لەناو ڕەوتی سۆفیگەریدا، وەك ئەڵقەی زنجیرێکی بەدواییەکداهاتوو پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بۆیە پێشتر هەر چەمکێك لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا پەیوەست کرابێت، لە هزری سۆفییانەدا کەم تا زۆر بەیەکەوە بەندیوارن. لێرەشدا مەی لەگەڵ فێڵدە واتاییەکانی خۆیشی دا، لەگەڵ چەمکە سۆفیگەرییەکاندا دەبێ لە هۆو ئەنجامێکدا، لەگەڵ یەکتر سەروکاریان هەبێت. دەستنیشانکردنی دۆزینەوەی سەرەداوەکانی ئەو پەیوەندییە یارمەتی ئەوە دەدات، کە خاڵی مەعنەوییەت و مەجازی بوون و لایەنی رۆحی، کە هەموویان لە چوارچێوەی خۆشەویستی و گەیشتن بە پلەی (کەمال)ە، بدۆزرێتەوەو تێیدا ئەو ئەزموونە شی بکرێتەوە، کە مەی و فیڵدەکانی ڕۆڵ لەناو شیعری سۆفییانەدا دەگێڕن و وەرگر بە ئاراستەیەك دەبەن، کە لە جوغزە ڕەمزی و واتا تایبەتییەکەوە بۆ چێژو جوانی و خۆشەویستییە دونیاییەکەوە دەیسەنگرێنێتەوە.

### ١-٣ مەی و ئەهلی کەماڵ

لە مەقامی بینینی جەمالی مەعشووق و نقومبوون لە مەستی (سکر) دا، عاشق وا لێدەکات، کە بکەوێتە حالەتێکی تایبەت، بە جۆرێك ئەم حالەتە مەبەست و ئامانجی ئەوەو بەهەشت وکۆشك و تەلارەکانی و حۆری و نازو جوانییەکانی ئەوێ وەلاوە دەنێ. ئەگەر خەڵکی بەهەشت لە دۆزەخ رابکەن و خۆیانی لێ بپارێزن، ئەوا ئەهلی کەمال کە گەیشتوونە حەق، لە بەهەشت و چێژو

خۆشییەکان رادەکەن، بە دوای خۆشەویست (مەعشووق) دەکەون.[1] لەبەرئەوە گەیشتن بە پلەی کەماڵ ئامانجی سەرەتاو کۆتایی سۆفییەو بۆ ئەم گەیشتنەش دوو هەست بەشداری دەکەن، یەکێکیان هەستی بینینە بۆ بینینی جوانی، ئەگەرچی ئەمەیان بە چاوی دڵ دەبیٚ، هەستەکەی تریش کە میکانیزم و رێگایەکە بۆ بینینەکە، بریتییە لە هەستی چەشتن، کە خواردنەوەی ئەو مەیەی خۆشەویستییەو تام لیٚ وەرگرتنیەتی، ئەمە وا دەکا سۆفی/ شاعیر هەموو خۆشییەك لەبیر بکا، ئەگەر خۆشییەکە بەرزترینیش بێت کە بەهەشتە:

هەر کەس بە نەشئەی ئەو مەیی بێچوونە فەوزی بوو

جەننەت لە فکری چوو، لە نیشاط و لە خۆشییان / ٣٧٨

کەواتە لێرەدا لای کەسی سۆفی، خودا مەبەستە نەوەك بەهەشت، بینینی خوداو تامو چێژ وەرگرتن لەو بینینەو خواردنەوەی شەرابی ئەو خۆشەویستییە هەموو شتێك لە بیر شاعیر دەباتەوە، هەتا دەگاتە ئەوەی، کە ئەم بینینە لە ئەنجامی خۆشەویستییەوە سەری هەڵداوەو ئەگەر خۆشەویستی لە بەهەشتیش نەبیٚ، ئەو بەهەشتەش لە خۆی حەرام دەکاتو ئامادە نییە لە شوێنێك بێت کە نەشئەی مەی خۆشەویستی تێدا نەبێت:

گەر ئاگری مەحەببەتی شك بەم لە دۆزەخا

ئەو دۆزەخە بەهەشتمە، جەننەت دەکەم حەرام / ٢١٣

گەیشتن بە پلەی کەماڵ، کە دوا مەنزڵو مەقامە، بە بیٚ مەی نایەتە دی، بۆیە ئەم مەی یە لە دواین شوێنیش هەستی تامکردنە بە چێژی بینین، یان هەستکردن بە بوونی مەعشووق (خودا) و ئەوپەڕی هاتنەدی ئامانجەکانەو هەموو خۆشییەك دەکرێتە قوربانی گەیشتن بەم تەجەللایە. (مەحمود شەبستەری) لە (گولشەنی راز)دا، کە مەحوی یش ناوی ئەم کتێبەی هێناوە، هاوشێوەی ئەم وێنانەی هێناوەتەوە، کە بەهەشتێکیان ناوێت تەجەللاو مەحەببەتی تێدا نەبێت**. هەرچی مەحوی یە، جیاواز لە سۆفییەکانی تر، بە تەنیا جوانیو گەیشتن بە جوانی بە پلەی کەماڵ دانانێت، بەڵکو لەپاڵ ئەوەدا مەستبوون دەکاتە حالەتێك، کە بە هۆیەوە هەموو خۆشییەکانی بەهەشت لە هەستی مرۆڤ دەسڕێتەوەو هەر ئەوەش وا دەکات بەهەشت بکاتە قوربانی دۆزەخ.

---

١- مفاتیح الاعجاز فی شرح گلشن راز، شمس الدین محمد لاهیجی، مقدمه، تصحیح وتعلیقات محمد رضا بزرگی خالقی و عفت کرباسی، چاپ چهارم، انتشارات زوار، تهران، ١٣٨١، ص٤٥١

** شەبستەری دەڵێت:

بهشت و حورو خلد اینجا چه سنجد　　که بیگانه در اَن خلوت نگنجد

بی جمالش مرگ بهتر از حیات　　وصل اوشد زندگی هجرش ممات

گرنماید دوست در دوزخ جمال　　هست ان دوزخ بهشت اهل حال

در بهشت ار وعده دیدار نیست　　جان عاشق را به جنت کار نیست

بڕوانە: مفاتیح الاعجاز فی شرح گلشن راز سەرچاوەی پێشوو، لا٤٥١-٤٥٢

### ٤-١ مەیو ئیشكالییەتی تەئویل

دوای ئەوەی زانیمان، كە كەم تا زۆر كاریگەری مەیی قورئانی لەسەر شیعرو ئەدەبیاتی تەسەووف هەیە، بەڵام خودی ئەم بەڵگانەی قورئانی پیرۆز راستەوخۆ نابنە پاساوی ئەوەی، كە شاعیران هەر كاتێك وشەی (مەی)و پێكهاتەكانیان لەناو دەقەكانیان بەكارهێنا، ئەوا بێ سێو دوو بە مەی قورئانیو ئیلاهی بیانناسێنین، چونكە دەشێ لەو كردەیەدا وەرگر وەك رەخنەگرێك مەبەستەكە نەپێكێو نەتوانێ بگاتە لوتكەی حەقیقەت، لە سۆنگەی ئەوەی خودی دەقەكە وەها چنراوە، چەمكێكی وەك (مەی) لە نێویدا بە سەختی خۆی بەدەستەوە دەداتو كە خۆیشی بە دەستەوە دەدا، سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ، رەنگە بە لا ڕێیدا ببات، ئەم لاڕێیەش خاڵی هەرە سەرەكیی هاتنە كایەی پرۆسەی تەئویلو هێرمینۆتیكە.

حوكمدان لەسەر ماهییەتی دەق، بە بێ دۆزینەوەی سەرە داوەكانو ڕێخۆشكردنێكی گونجاو، كە لەگەڵ چوارچێوەی بونیادی دەق بێتەوە، ئەو گرفتەی هێناوەتە كایەوە، كە وەرگر بە شێوەیەكی گشتی لەسەر حوكمدانی پێشینە بۆ شاعیرو ژینگەو بارە ڕۆشنبیرییەكەی لە هەمبەر وشەگەلێكی وەكو مەیو دەركەوتەكانی خۆشەویستی، لە نێوان دوو بەرداشدا خۆی دەبینێتەوە. یان ئەوەتا حوكمی ئیلاهی حەقیقی، یان سەر زەمینیو مەجازی پێ دەبەخشێ. لەوەشدا هەرگیز ئەم حوكمدانە تەقلیدییە بە خوێندنەوەیەكی قووڵی تەئویلیانە حسێب ناكرێ، با هەر ناوی لێكدانەوەی هێرمینۆتیكیانەی بە بەردا بڕێ، هەتا ڕێو شوێنە گونجاوەكانی دۆزینەوەی بنەچەی كردەی تێگەیشتنی تەئویلیانە نەگیرێتەبەر. قورساییو سووكی ئەم حوكمدانەش دەوەستێتە سەر چۆنیەتی چنینی دەقەكە، هەتا تەمومژاویو ئاڵۆزی زیاتر دەقەكەی گرتبێتەوە، بۆ وەرگر زیاتر پێویستە سیاقو دەوروبەری چنینەكە شیبكاتەوە، بۆ ئەوەی خوێندنەوەكە زۆرتر لە راستی نزیك بێت، چونكە با ئەوە ڕاست بێت كە دەگوترێ (هەموو تێگەیشتنێك بۆ گوتارێكی دیكە تەئویلە)[١]، بەڵام جۆری تێگەیشتنەكە گرنگە، بەو واتایەی كە دەقێك دەكەوێتە بەر شاڵاوێكی خوێندنەوەوە، ئەوا تێگەیشتنێكی بڕای بڕ لە هەڵەو ڕاستی نییە، بەو پێیەی خودی كردەكە كەم تا زۆر واتا هەڵدەكرێنێ. لە دواجاریشدا دەبێ باڵانسێك لە نێوان دەقو وەرگرو كردەی تێگەیشتن هەر بمێنێ، بۆ ئەوەی گەیشتن بە ڕاستیو حەقیقەت تەنیا لە سەر یەك جۆر تێگەیشتن تاپۆ نەكرێو (شلایرماخەر) گوتەنی: (هەموو تێگەیشتنێك بە ڕێژەییو بە تەواونەكراوی دەمێنێتەوە)[٢]. كەواتە ئێمە لێرەدا قسەمان لەسەر هەڵەو ڕاستی نییە، ئەوەندەی جەخت لەسەر ئەوە دەكەینەوە لەناو كردەی تەئویلدا، ئەگەر میكانیزمی گونجاو بگیرێتە بەر، زۆرتر راستیو حەقیقەت لێی نزیك دەبێتەوە، بە واتایەكی تر حوكمدانەكە بە ڕووی وەرگردا ئاسانتر دەبێو زووتر دڵی پێ ئاو دەخواتەوە.

---

١- الفهم والنص (دراسة في المنهج التأويلي عند شليرماخر وديلتاي) ، بومدين بوزيد، منشورات الاختلاف، الطبعة الاولى، الجزائر، ٢٠٠٨، ص٨١

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨

مەی‌و ساقی‌و بادەو مەیکەدەو مەیخانە... هتد، ئەم زاراوانە لە ناو ئەدەبیاتی سۆفییانەدا تایبەتمەندی خۆیان هەیەو هەروا بە وشەیەکی ئاسایی سەیر ناکرێن، ئەگەرچی لە بەردەم وەرگری ئاساییدا واتاکانیان تەنێ واتای فەرهەنگین‌و هیچ واتای تریان لێ بار ناکرێن، بەڵام هەر ڕاستەوخۆ ئەگەر دەق تام‌و بۆنی سۆفیگەری لێ بێ‌و دانەر/ شاعیریش یەکێك بێ لە سۆفییەکان‌و ڕۆشنبیرییەکەشی لەو چوارچێوەیەدا بێت، ئەوا بەکارهێنانی ئەم وشانە لە ناو زاراوەی مەبەستداردا، جێگای خۆیان دەکەنەوەو تێگەیشتنێکی دیکەیان بۆ دێتە ئاراوە. ئەگەرچی ئیشکالییەت لەو کاتەوە دروست دەبێ، کە ئاسۆی پێشبینییەکانی وەرگر سست بێت‌و بە دەقێکی ئاسایی رەفتاری لەگەڵدا بکات، لەو حاڵەدا هەڵبەزو دابەزی واتا نامێنێ‌و دەق لە بارێکی تەجریدی و چەقبەستوویی خۆی نیشان دەدات.

وەرگری ئاسایی لە دوو لاوە دەست خەڵەت دەدەرێ‌و چۆنیەتی تێگەیشتن (الفهم)ی بە ئاراستەی وەرگێڕانی وشە بە وشەیی لا بەرجەستە دەبێت‌و ئەم دوو لایەنەش یان ئەوەتا:

أ/ لە ڕێی کەسانی ترەوە چ بە نووسین، چ بە وەرگێڕان بونیادی هزری شاعیرەکەو چوارچێوەی دەقەکەی بۆ شیکراوەتەوە، کە ئەمەش لە دواجاردا، مۆرکێکی تایبەتی بە تێگەیشتنی وەرگر داوەو ئەم تێڕوانینەی لا دەقگرتوو بووە.

ب/ یان ئەوەتا بە بێ زانیاری خوێندنەوەی ڕێبازەکانی وەرگرتن (نظرية التلقي)، تەنیا بە سادەیی لە دەقەکە تێگەیشتووەو راستەوخۆ لە واتای فەرهەنگی بترازێ، هیچ واتایەکی لێ هەڵنەکڕاندووە. ئەم نموونەیە لەناو وەرگرەکاندا زۆرەو دەقێکی وەك چوارینەکانی (خەیام)، ئەو شیکردنەوەیەی (هەژاری موکریانی و وەرگێڕە کوردەکانی تر) بۆیان کردووە، خوێنەر وا تێدەگا خەیام زۆرینەی کاتەکانی بە مەی خواردنەوە بەسەر بردووە. بە تێگەیشتنی خەڵکانی تریش، کە واتای دیکەیان لێ بەرجەستە کردووە، خەیام خەریکی شەرابخواردنەوەی خۆشەویستی خودا بووە، ئەوەتا (مەلا حوسێن شێخ سەعدی، کوردی، ئەربیللی ١٨٨٣-١٩٨٣ز) کە چوارینەکانی خەیامی بە عارەبی راڤەکردووە، دەڵێ: (من روانینم بۆ خەییام لە رێی ئەو کەسانەی بەرهەمەکانیان چاپ کردووە، ڕوانینێکی ناسۆفییانە بوو، چونکە ئەوان دەڵێن خەیام ئەگەرچی زاناو داناو فەیلەسوفێکی مەزن بووە، بەڵام ئیدمانی‌و خدوی بە عارەق گرتووەو هەتا لەبارەی دەڵێن کە خەیام زەندەقەش بووەو لەو حەقە لایداوە، کە بە رەمز باسیان دەکات‌و ئەو ڕەمزانەش فەناو بەقاو جەمعو فەوق‌و جەمعی جەمع ... هتد هەموویان نیشانەی زەندەقەی ئەون، بەڵام کە لێی وردبوومەوە ئەنجا هەستم کرد چ سۆفییەکی مەزنە!)[1]. کەواتە لێرەدا گرفت‌و ئیشکالییەتەکە هەر بۆ خوێنەری ئێستا نییە، بەڵکو بە درێژایی مێژوو خراپ حاڵی بوون‌و سەختی تێگەیشتن لە ئارادا بووەو هەر ئەمەشە ڕۆحی بە بەر تەئویلداوەو دەقی بەرەو نەمر بوون بردووە. هەندێك جار ئەم تێگەیشتنە تەنیا دوای مردنی شاعیرەکە نەبووە، بەڵکو هەر لە سەردەمی خودی شاعیریشدا لە هەمبەر خراپ تێگەیشتنیان لەدەقەکەدا، تیرو توانجیان لە شاعیر داوەو هەندێ جار گەیشتۆتە تەکفیرو شێت‌و لە

١- حقائق الخيام- شرح واف لرباعيات الخيام، الاستاذ ملا حسين سعدى الاربيلى، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠٠٥ ص١١

ڕێ دەرچوونیش. زۆرترین ئەو توێژانەی کە لەگەڵ شاعیرە سۆفییەکان دەبەریەك ڕاچوون، توێژی زانایان‌و شەرعناسان بوونە، بەتایبەتی ئەوانەی کەمتر خۆیان لە قەرەی باطین‌و کردەی تەئویلداوە، بێ سێ‌و دوو خەتی ڕاست‌و چەپیان بەسەر بەرهەمەکاندا هێناوە، ئەمەش بۆ ئێمە لەو حاڵەدا دەردەکەوێ، کە لە شیعری هەندێ شاعیری سۆفی بە ڕوونی بە دیار دەکەوێ، شاعیر لە زاهیدو ڕەقیب‌و واعیزو هەندێ سۆفی بە هەنجەتەو هێرشی توندیان دەکاتە سەرو رشتتر دەبێ بۆ حاڵەتی مەستبوون، چونکە بە بڕوای ئەوان هۆشیاربوون لە دونیایەك، کە قبوڵی بیری سۆفیگەری‌و خۆشەویستی خوداو خواردنەوەی شەرابی خۆشەویستی خوادا نەکرێ، ئەو حەلە مەستبوون لە جیهانە تایبەتییەکە گەیشتنە بە ئامانجە گەورەکان.

لێرەدا بەهۆی دۆزینەوەی سەرچاوەی واتای چەمکەکانی مەی‌و جۆرەکانی، بەشێکی دیکەی تاریکایی دەق ڕۆشن دەبێتەوە. بە واتایەکی تر مەبەستداری (القصدية) روون دەبێتەوە، کە بۆچی شاعیر لەپاڵ وشە شەڕابییەکاندا ڕەقیب‌و زاهیدو واعیزو سۆفی... هتد بەکاردێنێ‌و هێرشیان دەکاتە سەر، بە جۆرێك کە هەتا ئەم سیاقی تەئویلە نەدۆزرێتەوە، وەرگر بە ئاسانی ناتوانێ کۆدەکان بە کلیلی مەعریفەی خۆی بکاتەوە.

### ٥-١ هۆکارەکانی بەکارهێنانی مەی لە دەقی سۆفییانەدا

ئەوەی کە کاکڵەی تەئویل پێك دەهێنێ، ئەو پرسیارەیە، کە لای وەرگری ئاسایی خۆی قیت دەکاتەوە، بەوەی چما سۆفییەکان حەوجێ بەوەن باس لە مەی‌و شەڕاب‌و ساقی... هتد، بکەن؟ ئەم سەر لە خوێنەر شێواندنە بۆ؟ ئەگەر ئەوان حەزیان بە چەهرەی (مەی) نایە، بۆ هێندە لە نێو دەقدا ئالودەی بوون؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تر سەرهەڵدەدەن، بە تایبەت لەو کاتەی وەرگر ڕەچاوی ژیان‌و ژینگەی شاعیر دەکات‌و لە تێگەیشتنی بۆ ژیانەکەی بە هیچ باران لەگەڵ دەقەکانی تێك ناکاتەوە. ئەمە لای ئێمە هێندە گرنگ نییە، بە قەد گرنگی ئەوەی گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەوروبەری دەق خۆشتر دەکەن، تا بتوانین خوێندنەوەیەکی ڕاست‌و دروستی هێرمینۆتیکانە بۆ دەقەکە ئەنجام بدەین.

لە ڕوانگەی ڕامانمان بۆ دەقەکانی مەحوی، دەبێ ئەوە هەڵبهێنجین، کە هۆکارەکان خۆیان لەم خاڵانەی خوارەوە دەبیننەوە:

١- مەحوی‌و زۆربەی شاعیرانی سۆفی، لە حەقیقەتی تەئویل تێگەیشتوون، نەك هەر بەمە نەوەستاون، بەڵکو لە مەسەلەی بیروباوەڕ (العقيدة) شدا، خۆیان بوونەتە لێکدەرەوە (مۆول)* و لەمەشدا مەبەستی تەئویل یەکێك بووە لەو هۆیانەی کە حەزیان بە یاری کردن بووە بە واتا، بۆ ئەوەی لەو دەروازەوە، هێزی شیعرییەتی خۆیان بە پاڵپشت بە ئایدۆلۆژیای سۆفییانە نیشان بدەن.

* مەحوی لە (عقد العقائد)ەکەی زۆر بە ڕوونی موئەویلەو تەئویلی بۆ عەقیدە کردووە، دەشێ ئەم عەقیدەیە لە ریزی عەقیدەی (ئیمامی تەحاوی) حسێب بکرێ، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بە شێوەی سەربەخۆو زانستانە قسە لە بارەی ئەم بەرهەمە شیعرییەی مەحوی نەکراوە.

٢- لاسایی کردنەوەیەکی ئەدەبیاتی سۆفییانە بووە، کە لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچییەوە مەی‌و دەرکەوتەکانی لە شیعردا خۆیان بەرجەستە کرد، ئەگەرچی ئەم جۆرە شێوازە بە درێژایی مێژوو هەڵبەزو دابەزی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام وەك ڕێچکەیەکی دیار، بووە بە بنەمای نووسینی شیعری سۆفییانە. ئەدەبی کوردی‌و لە نێویشیدا مەحوی تەواو پەیڕەوی ئەم ڕێچکەی گرتووە، ئەگەرچی لە لق‌و پۆپەکانییەوە دەشێ جیاوازی تێدا ببینرێ، بەڵام جیاوازییەکە بەو شێوەیە نابینرێ، کە مەودای نێوانیان دوور بکاتەوە. وێڕای ئەمەش مەحوی، جگە لەم وشەی ("مەی" یە، چەندین وشەی دیکەی وەکو "بادە"، "شەڕاب"، "صەبووح"، "مەی"و..تاد بەکاردەهێنێ، لەگەڵ چەندین وشەی تەواوکەری ئەم مەبەستە، وەك "مەیکەشی"، "ساقی"، "مەست"، "خەراب"، "حاجیب"، پیالە"، "قەدەح"و...تاد. زۆربەی بەکارهێنانی ئەو وشەو داڕشتنانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مەحوی شاعیرێکی صۆفییەو لە ڕوانگەی ئەو ئەزموونەوە بە شێوەیەکی ورد بە وریایی، زاراوە کەرەستەی پێویستی خۆی هەڵدەبژێرێت‌و بەکاریاندەهێنێ)[١].

٣- لێك نزیکییەك لە نێوان هەڵکەوتەی مەی‌و جۆرەکانیان لەگەڵ بەرنامەو پەیڕەوی سۆفییانە لە لایەك‌و خودی مەیخۆران‌و ساقی‌و شاعیرو سۆفی لە لایەکی تر هەیە، بە جۆرێك ئەگەر ئێمە لە ڕوانگەی دەقە شیعرییەکانەوە ئەو بنەمایە شرۆڤە بکەین، ئەوا ڕوونتر دەتوانین لە مەبەست نزیك بکەوینەوەو بە هیچ کلۆجێك تاکە واتاو تاکە ڕەهەندێك بۆ بنەمای مەی دانەنێین، ئەگەر لە بەرژەوەندەی ئەدەبیاتی سۆفییانەش بێت، چونکە هەر لەناو خودی بنەما سۆفیگەرییەکان بە پێی دەق، باسکردنی مەی‌و دەرکەوتەکانی بە شێوازی جۆراو جۆرو ڕەهەندی جیاجیا دەبینرێ، کە لە هەر کامێکیاندا دەوروبەر (سیاق) یارمەتی دەرو ڕێگاخۆشکەرە، بۆ ئەوەی کردەی تەئویلەکە زووتر بە ئەنجام بگات.

ئەم لێکچوونەو خاڵی هاوبەشە، بۆ دۆزینەوەی هۆکاری بەکارهێنانی مەی‌و مەستی لەناو دەقی سۆفییانەدا یارمەتی دەرە، کە دەتوانین دابەشی سەر چەند ڕەهەندێکیان بکەین:-

أ/ سۆفی کە لە دونیای تایبەتی خۆی دا ڕێ دەکاو دەیەوێ خۆی لە خەڵك دوور بگرێ‌و دوورە پەرێز بێ، بە هەمان شێوە شەرابخۆرێکی دونیاش، دەیەوێ لە دونیا تایبەتییەکەی خۆیدا مەست بێت‌و پەیوەندی بە خەڵکی ترەوە نەمێنێ.

ب/ دەهشەت‌و سەرسامی پەیداکردن لە هەردوو لادا هاوبەشە. لای سۆفییەکان زاراوەیەك هەیە بە ناوی (سکر)، ئەم زاراوەیە، کە سەرسامبوون‌و ڕامان نیشان دەدات، کە خەڵکی تر تێیدا لایان ئاساییەو هیچ گۆڕانێکیان بە سەردا نایەت‌و بەم ئاساییبوونەیان بە هەمان ریتمی خەڵکی ئاسایی دەجوڵێنەوە. هەرچی پەیامی سۆفیگەرییە، کە تێیدا سەرسامبوون بە خوداو مەستبوون بۆی پایەیەکی گرنگەو بە پشت بەستن بە فەرموودەکەی پێغەمبەر (د.خ)، کە نزای کردووەو فەرمویەتی (اللهم زدني فيك تحيراً، واتە خودایە لەتۆدا سەرسام بوونم زیاد بکەو کەسی مەست‌و سەرسامیش

---

١- دەیری عیشق-کاتێك کە ناخی مرۆڤ دەدوێ، عەبدوڵڵا قەرەداغی، زنجیرەی کتێبی گۆڤاری کۆچ، ژمارە ١١، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، ل١٩٣.

حەیرانە)[1]. لێرەدا مەستیو سەرخۆشی لە بیرکردنەوە لە خوداو بینینی بە چاوی دڵ، هەروەك بینینو خواردنەوەی مەی لە لایەن مەیخۆرەوە دەشێ حیرەتو دەهشەتو مەستی تێدا بەرجەستە دەبێت.

ج/ مەیخۆرانی دونیا هەمیشە گلەیی ئەوە دەکەن، کە خەڵك لەوان تێناگەنو ئەوان دەچنە عیشوەو کەشێکی تایبەتەوەو خەڵکی تر پێینەگەیشتووە. بە هەمان شێوە لەناو ئەزموونی سۆفییانەدا ئەوەی بە حاڵو مەقامەکاندا تێنەپەڕی بووبێ، ناتوانێ لە تامو چێژی سەرخۆشیو کەشی تایبەتییەکەیان تێ بگا. لەبەرئەوە ئەگەر موفتیو زانایان بە پێی شەریعەت بانگەشەی جێبەجێ کردنی حەددی شەرع لە شەرابخۆران بکەن، ئەوا ئەو واعیزو شەرعزانانەی کە سۆفیایەتیو بنەماکانیان قبوڵ نییەو توانجو پلاریان تێدەگرنو بە تاوانباریان دادەنێن، ئەوا ئەوانیش هەمان گلەیی مەیخۆرانی دونیا دوپات دەکەنەوە وەك مەحوی دەڵێت:

**ببینن گەر لە ساقی نازو عیشوێك، ئێمە دەیبینین**

**بە مەی نۆشی دەدەن فتوا بە مەستی موفتی یو قاضی** / ٣٠٥

واتە موفتیو قازی- یش ئەو نازو عیشوەیە ببینن، کە ئێمە لە دەست پیاڵەگێڕی مەی دەیبینین، ئەوسا ئەوانیش وەك ئێمە سەرسام دەبوون، حەرامیان نەدەکرد، ئەم بینینەش (بصر)ێکی تایبەتەو خۆ دۆزینەوەیە لەناو کەشێکدا، کە تەنیا ئەوانەی بە سلوکدا تێپەڕیون دەتوانن هەست بەم سەرسامیو گەشە ڕۆحییە بکەن، هەر بۆیەشە توانەوە لەناو خۆشەویستی خوداییدا، سەرسامییەکی هێندە مەزنە، ئەوەی لە بازاڕەکە نەبوو بێ، ناتوانێ گوزارشتی لێ بکات.

د/ هاوژانیو هاویەکبوون لە ڕووی ئازاری دونیاوە:

ئەگەر هەندێ جار(مەیخۆر)ی دونیایی لە ژیانی خۆی بێزار بێو لەتاو خەمو خەفەتو ئازارەکانی ژیان خۆی مەست بکات، ئەوا سۆفیش هەمان ئازاری هەیە، ئەگەرچی ئەم ئازارەیان قووڵترە، بەڵام مەیخۆر، کە داوای بادە لە مەیخانەدا دەکات بۆ ئەوەی کەمێك ئازاری کەم بێتەوە، لای سۆفی لە خودی خۆیدایە. واتە دەبێ ڕاهێنان لەسەر دەروون (نەفس)ی خۆی بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ هەنگاوی (هەر کەسێك دەروونی خۆی ناسی، خوداشی ناسیوە- من عرف نفسه فقد عرف ربه) جێبەجێ بکات، هەر بۆیە **مەحوی** دەڵێ:

**لەبەر قاپیی خەراباتا منی دی، عیشوەیێکی کرد**

**وتی (مەحوی) لەبادەت چی، ئەتۆ خوێنی جگەربەستە** / ٢٦٦

لە شوێنی تردا خاڵە هاوبەشەکە هەر لە خەفەتو خەفەتخانەدا دەبینێتەوە، بەوەی شاعیر پێویستی بە (مەی) خواردنەوە نییە، چونکە ناخو جەستی خۆی وەك مەیخانەیەك جێگاو خەفەتخانەیەو لە جیاتی (مەی)یش (جگەرو خوێناوی خۆی) ئامادەیە بۆ خواردنەوە:

**خوێناوی جگەر، گۆشەیی (بیت الحزن)ێ بوو**

**(مەحوی) بەسە! مەیلی مەیو مەیخانە حەرامە** / ٢٧٦

---

١- الفتوحات المكية، الشيخ الاكبر والنور الابهر العارف بالله العلامة: محى الدين ابن عربي، المجلد الرابع، بيروت، بدون سنة الطبع، ص١٩٨

ئەم مەی‌و مەیخانەیەش بۆیە حەرامە، چونکە لە ناو جەستەی خۆیدا هاوشێوەی مەی هەیە، کە خوێناوی جگەرە، بۆیە هەتا لە ناو لەشی خۆیدا هەبێ، حەوجێ بە شوێنی تر ناکات.

لە شوێنێکی تردا هاوشێوەی مەیخانە، مەحوی کونجێکی دیکە دەگرێتەبەر، هاوشێوەبوونەکە لەوەدایە وەك چۆن مەیخۆر لە کونجێك دوور لە چاوی کۆمەڵگە مەی دەخواتەوە، کە ناوی لێناوە مەیخانەو کەمترین بەندیواری لەگەڵ خەڵك دەبێت، ئەمەش نایەوێت لەسەر ئەم حاڵ‌و بارەش منەت لەسەر خەڵك بکات، لەجیاتی مەیخانە کونجێك پەیدا دەکاو لە جیاتی (مەی)ش خوێناوی جگەری خۆی، کە خەم‌و ژان‌و ئازارەکانیەتی نۆش دەکات:

**خوێنی جەرگ‌و کونجی عوزلەت بەسمە بەش**

**بەر منەت بوونی مەی‌و مەیخانە بۆچ** / ٩٦

ئەم خوێنی جەرگە، بە لای شاعیر خواردنەوەی ئاسانترە، نەك تێکەڵ بوونی لەگەڵ خەڵك، بە واتایەکی تر لەگەڵ دڵ ژیان‌و خۆخستنە داوی ناڵەو ئازاری دڵ، پیشەی هەمیشەیی ئەوە، لێرەشدا وەك مەی خۆر تەنیا زەرەری بۆ خۆی دەبێت‌و بەس:

**ئەی دڵ بناڵە ساز بدە چەنگی بەزمی عیشق**

**مەی خوێنی جەرگە، ناڵەیی مەحزونییە گەرەك** / ١٩٢

عیشق‌و مەی بەیەکەوە گرێدراون، چونکە لە عیشقی سۆفییانەدا، سۆفی نایەوێ بە هیچ شتێکەوە پەیوەست بێت، بەو پێیەی باڵاتر لەوە دەڕوانێ، تێپەڕین لەو پەیوەستییانەو بەخۆگەیشتن‌و خۆناسین، مەستییە، بە واتایەکی تر عیشق بە باڵایی‌و بەرزی‌و عیشق بە حەقیقەت‌و عیشق بە نەمری‌و عیشق بە مەعشووقی ئەزەلی‌و ڕەهابوونی لە هەموو پەیوەستییەکان، بریتییە لە مەستی[1]. لەبەرئەوە لە شیعری مەحویشدا ئەم بیرکردنەوەیە بوونی هەیە، بەوەی بە زۆری کە باس لە مەستی دەکرێ، دەبێ ئامانجێکی لەپشت بێت، ئەویش عیشقەو مەستی ڕێگاو کەرەستەی گەیشتنە بە عیشقەکەو بە هیچ شێوەیەك ناکرێ بە تەنیا تەئویل بۆ یەکێك لە چەمکەکان بکرێت، چونکە هەردووکیان پێکەوە گرێدراون‌و بنەمایەکی سۆفییانەیان لەخۆدا بەرجەستە کردووە.

دڵ‌و جەرگ‌و خوێنەکەیان لەناو لەشی مرۆڤدا بە لای بابای سۆفییەوە تایبەتە. ئەوەی ئاشنای خوێنی ئەم دوو ئەندامە بێت‌و زاتی ئەوە بکات نۆشیان بکات، ئەوە پلەیەکی بەرزی بڕیوە. بۆیە بە لای سۆفییەکانەوە خوێنی دڵ، مەی مەیخۆرانە:

**خۆشە بە یادی ئەو لەبەوە نۆشی خوێنی دڵ**

**بەم نەشئە ئاشنا نەبووە غەیری ئەهلی ذەوق** / ١٨٣

---

١- هستی‌و مستی، حکیم عمر خیام نیشابوری به روایت حکیم دکتر دینانی/ گفتگو از کریم فیضی، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٨٩، ص٣٠٤-٣٠٥

دەستنەکەوتنی مەی بە لای مەیخۆرەوە ناخۆشترین ساتەکانە، بە لای سۆفیش دەستنەکەوتنی شەڕابی خۆشەویستی خودایی ناخۆشترین حاڵە، لە هەردووکیاندا خۆخۆریو زیاتر قووڵبونەوە بە خۆناسین، بریتییە لە راهێنانێکی دەروونی، کە خۆی لە خواردنەوەی خوێن دەبینێتەوە:

**قوم هەر دەبێ لە خوێنی جگەردا بە ئاهەوە**

**ئەو مەستی غەفڵەتە لەبی مەیگونییە گەرەك / ١٩٣**

ئەم حاڵەتە بە لای (مەحوی) یەوە جێگرەوەیەك (بدیل) ی تەواوی (مەی)ی دونیاییە، ناڵەی دڵو خوێنی جگەر، کە نیشانەی زیندوێتین، بۆیە خوێنیان فیچکە دەکاو دڵیش هاوارو ناڵەیەتی بۆ گەیشتن بە خۆشەویستی، ئەم گەیشتنەش بە سەرخۆش بوونو گوێ لە نەی گرتن نابێ، بەڵکو بە خواردنەوەو تێکەڵ بوونە لەگەڵ خوێنو ناڵەی جگەرو دڵ:

**خوێناوی جەرگو ناڵەیی دڵ گەر عەطاکرا**

**نۆشینی مەی، سەماعی نەیەو زیرو بەم حەرام / ٢١٢**

هـ/ بێ مەئواو بێ شوێنی لە هەردوو لادا خاڵی هاوبەشە. بەو واتایەی سۆفی، کە هیچ کونجێکی دەست ناکەوێ لە ناو کۆمەڵگادا، یان لە ترسی هێرشکردنی خەڵکانی ترو تیرو توانج تێگرتن، بە دوای شوێنی خۆ حەشاردنەوەدا دەگەڕێت، بێگومانیش ئەم شوێنە لە نەبوونەوە باشترەو وێڕای ئەوەی شوێنی خەم بە باکردنو خەفەتخانییە، بەڵام تا ڕادەیەك ئۆقرەو سوکنایی دەبەخشێ، ئەگەر گۆشەی (بیت الحزن)ی لە شیعرەکەی پێشووتردا لە بەرامبەر مەیخانەدا دانابێو نەك هەر ئەوە، بەڵکو ئەم گۆشەیەی پیرۆزتر داناوە، ئەوا هەر ئەم گۆشەیەی لە بەرامبەر خۆشی بەهەشت داناوەو ئەو گۆشەیەش جێگای دەردو جەفایە:

**بەختە زاهید کە بەهەشتی بوەتە مەئوا، من**

**غەیری (بیت الحزن)ی دەردو جەفا نیمە مەلاذ / ١١٧**

هەر لەو شیعرەشدا مەیخانە بە مەئوای خۆی دادەنێو ئەم مەئوایەش باشترین شوێنە بۆ بێ شوێنان لە ناو ئەم هەموو غەمەی کە جیهانی داگرتووە، نەك هەر ناو مەیخانەکەش، بگرە بەر دەرگایەکەشی سوکنایی دڵو دەروونە:

**تەمی غەم عالەمی داگرتووە، بێ مەئوا بووم**

**بەر دەری مەیکەدەیەو بەس، لەوەلا نیمە مەلاذ / ١١٦**

بێ شوێنی وەك نیشاندانی ئاوارەییو بێ کەسیو بێ پارەیی، بۆتە خاڵی هاوبەشی هەردوولا، هەر لەبەر ئەمەشە مزگەوت کە شوێنی بڕوادارانە، سۆفی هەڵینابژێرێو نایەوێتو لە شوێنێك بوونی هەبێت، کە لەگەڵ خەڵك تێکەڵی هەبێت، چونکە (بوونی سۆفی لە مزگەوت ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەی ئەوانو پیاوانی سەر بە کایەی تری ئاینی بە تایبەت فەقیهەکان بەهێز دەکات، لەو جۆرە ڕووبەڕووبەنەوەش سۆفیان ناچار دەبن مزگەوت چۆڵ بکەن، یان لایەنی کەم هەوڵ بدەن مزگەوتی تایبەتی خۆیان هەبێ)[١]، کە دواتر بووە هۆی سەرهەڵدانی خانەقا لەناو مێژووی

---

١- لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت، سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە پانتایی کوردیدا، د. حەیدەر لەشکری، موکریان، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، ل٢٨

سۆفییەتیدا، لە خانەقاش دوورە پەرێزتر، کە سۆفی دڵی پێوە دابمرکێ و هاوشێوەی مەیخانەی مەیخۆر کەسی بە سەرەوە نەچێ و تێیدا لە جیهانی تایبەتی خۆیدا بگاتە حاڵ و مەقامی خۆی، ((گۆشە- الزاوية) کان بوون، کە تایبەت بوو، بە یەك سۆفی و وا پێدەچێ زیاتر لە دەشت و دەرو ناوچەکانی دوور لە ئاوەدانییە گەورەکان دەرکەوتبێ... ئەگەرچی سۆفییەکان بۆ پێداگیری لەسەر رەهەندی دوورە پەرێزییانەی بیرو بۆچوونەکانیان خانەقاو گۆشەکانیان لە شوێنی دوورە دەست دادەمەزراند، لایەنی کەم لە گوندو دێهاتەکان، بەمەش پەیوەندییان بە سروشت نەدەپچڕاندو کەمتر تێکەڵ بە ژیانی شاری دەبوون و زیاتر پشتیان بە سروشتەکە دەبەست)[1]. گۆشەی خانەقاو پەرستش بۆ سۆفییەکی بەدبەختی ناو کۆمەڵی کوردەواری و ناڕازی لە کۆمەڵگاو، بێزار لە ژیانی ریابازانەی دونیا، وەك کونجی ئەو مەیخانەیە وایە، کە بۆ مەیخۆر لەناو ئەو پانتاییەی کۆمەڵگەدا خۆشترین شوێنە بۆ بەسەربردنی کاتێکی تایبەت.

لەو نموونانەی سەرەوەی شیعری مەحویدا، بە ڕوونی هەست بەوە دەکرێ، کە کونج و گۆشەو مەیخانەکان لە کۆمەڵێك ڕەهەندەوە لە یەکتر نزیکن، ئەگەر لە بیرو باوەڕیشدا سنوورێکی درێژو دووریان هەبێ، بەڵام لە ویکچوونی حاڵدا هاوبەشن. بە واتایەکی تر هەردووکیان هەمان قالب و چوارچێوەن بۆ ئەوانەی ئازارو ژانەکانیان لە هەمبەر کۆمەڵگەدا وەك یەك و هەوڵدانیشیان بۆ جیهانێکی دوور لە کۆمەڵگەیە.

و/ وڕێنەکردن و قسەی هەڵیت و پەڵیتی مەیخۆران لە کاتی مەستی و سەرخۆشیدا، حاڵی سۆفییەکانی پێ چوێنراوە، بەوەی کە سۆفییەکان لەکاتی جەزبەگرتن و توانەوە لەناو حاڵی خۆیاندا، هەرچی وشەو زیکری تایبەتیان بە دەمدا بێت، ئەگەر لە لایەن فەقیهو زانایانیشەوە جێگای قبوڵکردن نەبێت و وەکو وڕێنەی مەیخۆران تەماشا بکرێ و بە هیچ کلۆجێك لێیان نەگیرێ و بە حاڵەتی ناهۆشی و شێتی لە قەڵەم بدرێن، ئەوا جیهانی تایبەتی خۆیانەو لەم دوو کایەدا هەردوو لا هاوبەشن.

ز/ مەیخۆران هەمیشە هۆشیاری ڕاستەقینە لەمەستبووندا دەبینن، بە واتایەکی تر بۆیە شەڕاب دەخۆنەوە تا بچنە جیهانێکی ئارام و ڕاستەقینە. مەیخانەی تەسەووفیش دەروازەی دۆزینەوەی حەقیقەت و هۆشیارییە، بە جۆرێك دونیا، چونکە جێگای بێ ئاگاو غافڵانە، بە شەڕابی سۆفییانە هۆشیان دێتەوە بەرو لەو ناهۆشیارییە رزگاریان دەبێت، لەبەرئەوە ئەگەر نەتوانن بچنە ژووری مەیخانەش، ئەوا خۆڵی بەر دەرگاکە هەستی هۆشیارییان لا بەرجەستە دەکات، ئەم وێنەیەش لای مەیخۆری دونیایی و مەیخۆری سۆفییانە تا ڕادەیەکی زۆر لە یەك نزیکن، ئەوەتا مەحوی دەڵێ:

**لەبەر قاپی خەراباتا کە یارەب دایمە ئاوابێ**

**مەگەر خاکێ بەسەرداکەم، بکەم گاهێ دەماغێ چاغ** / ١٠٦

ح/ ڕاکردن لە تانەو تەشەر لای هەردوو لا بوونی هەیە. بە جۆرێك بابای سۆفی، کە شوێنە سەرەکییەکەی خانەقاو، دەروێشیش شوێنە سەرەکییەکەی تەکیەیە، بۆ ئەوەی ئایدیاو بیروباوەڕی

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨١

خۆیان بپارێزن، لە پێناو ئەم پاراستنە دەبێ خۆیان لە هەرچی بەربەستو ڕێگری دوور بگرن، ئەگەر ئەنجامەکەی فەوتانو ئازاریش بێت، بەڵام بۆ ئەوەی بنەمای فیکری ڕێبازەکەیان تووشی ڕووشان نەبێت، ئەوا دەست لە خۆشییەکانی خۆیان هەڵدەگرنو بەرەو نادیار تەی دەکەن:

**ئەو تەکیە سەببی عیشقی تیا بێ، تیا مەبە**

**بۆ سوننیە تەوەططونی موڵکی عەجەم حەرام** / ٢١٢

بەو واتایەی لە هەر شوێنێك مەترسی بۆ ڕێبازەکە بێتە کایەوە، دەبێ سۆفی هەڵوێست وەربگرێ. هەڵویست وەرگرتنەکەش لەوەدایە، کە ئاشکرایە سۆفی ئەو دەسەڵاتەشی نییە بەرەنگارییان ببێتەوە، پەیامەکەشی ئاوا ڕشت نییە، کە جەنگ بەرپا بکا، بۆیە بە ناچاری دەبێ وەك حاڵەتێکی شەرعاندن، ئەو شوێنە جێ بهێڵێو لە شتە پروپوچەکان (لەغوو لەهو)ی دونیادا دووربکەوێتەوە. خاڵە هاوبەشەکەش لەوەدایە مەیخۆریش لە پێناو خۆ دوورگرتن لە توانجو جنێوی خەڵك، ناتوانێ لەناو خەڵکدا مومارەسەی مەستبوونی خۆی بکات، بۆیە مەیخانە هەڵدەبژێرێ، لە بەرامبەریشدا (سۆفییەکان نە ڕووبەڕووی واقیع دەبنەوە، نە لەگەڵیدا ڕادێن، بۆیە بە هۆی شەڕابی عیشقی یەزدانییەوە مەست دەبنو لە جیهانی واقیع دادەبڕێنو لە جیهانی خەیاڵدا دەگیرسێنەوە)[١]. ئەم خەیاڵەش لە هەردوو لادا دژە واقیعە، جا بە هەر تەرزێك خۆی نیشان بدات، کە بێگومان لە شتە گشتییەکاندا وێکچوونێکی زۆر هەیەو هەرچی جیاوازییەکەشە تەنیا لە وردەکارییەکاندایە.

ط/ وێکچوونی ساقیو رابەر: ئەم وێکچواندنە بە زۆریو زۆرداری نییە، ئەوەندەی ڕێخۆشکردنە بۆ کەشفکردنی چەمکی تر، کە لە دەوروبەر (سیاق)ی دەقەکەدا هەیەو، دواجاریش سەردەکێشێ بۆ دۆزینەوەی مەبەستی دەقو نووسەر، چونکە دەشێ لە ناو ئاڵۆزیو چنینی دەقدا، تاکە وشەیەك لە چەندین شوێندا، لە هەریەکەیان جۆرێك قورسایی هەبێتو بۆ مەبەستی جیاواز، خۆی بەرجەستە بکات. لەبەرئەوە وەکو چۆن مەیخۆر چاوەڕێی مەیگێڕ (ساقی) ێکە تا تێر مەی بکاتو ئاواتە دەروونییەکەی بێنێتە دیو بە تامی مەی شادی بکا، بە هەمان شێوە سۆفیش بە دوای خۆشەویستەکەی خۆی دەگەڕێتو نایەوێت ناوی ببات، چونکە ئەگەر ئەوەی ئەو بە دوایدا دەگەڕێت، هەموو خەڵك هەمان بینینیان بۆی هەبێت، ئەوا نهێنیی پیشەکە ئاشکرا دەبێتو واتایەك بۆ کردەکە نامێنێت.

لێرەدا تامی گەیشتن بە مەی لە لای مەیخۆرو تامی گەیشتن بە یار لەلای سۆفی، لەوەدا لە یەکتر نزیکدەبنەوە، کە هەردووکیان گەشەو نەشئەیەك دەبەخشنو بۆی هەڵوەدان.

١- مەی و مەستی لە شیعری سۆفیگەری کوردیدا، محەمەد سلێمان عەباس، گۆڤاری رامان، ژ١٧٧، ٢٠١٢/٢/٥ لا٥٢

**١-٦ یارو مەی**

بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی مەیو پێکهاتەکانی پێویستمان بەوەیە لە سیاقی دەقەکاندا بە دوای پەیوەندییەکانی مەی لەگەڵ چەمکەکانی تر بگەڕێین، چونکە ئەگەر شیعری سۆفیگەری لە هەندێك ڕوودا وەك وێنەکانی غەزەلو بەکارهێنانی شیعری شەرابی لاسایی کۆنینەی کردبێتەوە بە جۆرێك (لە وەسفی کاسەی شەڕابو بۆنو بەرامەیو دیوانی شەرابخۆران، دەستی ساقیاندا.... دایەلۆگی نێوان ساقیو مەیخۆرو مەستبون تێیدا، لاساییکەرەوە بووبن)[١]، ئەوا داهێنانەکەیان لەو بوارەدا بووە، کە بنەچەی وشەو دەربڕینەکانیان لە ڕووی واتاوە لەو قاوغە هێنادەرو بەرەو دەلالەتێکی سۆفییانەیان برد. ئەمەش هەر لەو حاڵەدا نەبوو، کە هەمیشە ساقی بە کچێکی جوان دابنێن، بەڵکو مەبەستە ڕۆحییەکە ئەوەندە زاڵ بوو، بنەمای پەیوەندی مەی لەگەڵ چەمکەکانی تری بە تەواوی گۆڕی. بە شێوەیەك لاساییکردنەوەکە هەر تەنیا لە شێوەی قالبێك مایەوەو ستراتیژییەتی دەقی لە بنەچەوە بە ئاڕاستەی بیری سۆفییانە گۆڕی.

ئەگەر بە چاوێکی هێرمینۆتیکیانە بڕوانینە شیعرەکانی (مەحوی)، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە چەند ئاراستەیەکەوە، شیعرەکانی تەواو تەواو خۆیان لە بنەما میراتییە تەقلیدییەکە داماڵیوە، ئەمە وایکردووە کە ئەگەر هەر قالبو پێکهاتەیەکی جێگیر بۆ مەدلوولی وشەیەكو پەیوەندییەکانی دانرابێت، ئەوا مەحوی تێکی شکاندووە. تێکشکاندنەکەش بە لای وەرگرەوە جێگای سەرنجە، کە بۆچی مەحوی ئەو واتایە چەقبەستووو نەگۆڕ (ثابت)انەی دووبارە نەکردۆتەوەو بەڵکو لە ئاستی خۆیدا سەرچیغ چووە بەو بارەی، کە پەیوەندی یارو مەی، هەمان ئەو پەیوەندییەی پێشوو نییە؟ هەمیشە مەی خواردنەوەی دەستی دڵبەر بێت بۆ دڵدارو، یان هەنگاوی یەکەمی گەیشتن بە یار بێت، ئەم وێنانە هەر جۆرێك بن، لە بەرژەوەندی تەئویلدان، بۆ ئەوەی لە ڕێی دۆزینەوەی پەیوەندییەکانیان ئاراستەکانی کارکردنو مەبەستەکانی نووسەر/ دەق هەڵبکرێینو چیتر ئەو بڕیارە کۆنانەی، کە گشتێنراون بۆ هەموو شیعری سۆفییانە بەڕاستی نەزانینو خوێندنەوەیەکی هێرمینۆتیکیانە لە ڕێگای شیکردنەوەی پەیوەندییەکان بۆ هەموو بڕیارو سەرنجەکان ئەنجام بدەین، وا بە پێویست دەزانین، پەیوەندی نێوان مەیو یار، بخەینە چوارچێوەی چەند پۆلێن بەندییەکەوە، کە خۆیان لەمانەی خوارەوە دەبیننەوە:

**١-٦-١ غیابی مەیو ئامادەیی یاری نێرینە**

لە ڕێگای کۆمەڵێك نیشانە لە نێو دەقدا، دەتوانین دەستنیشانی ئەوە بکەین، کە ئیتر هەموو جارێ (مەی) هەوێنی گەیشتن بە (یار) نییە، ئەمەش ئەو کاتە دەبێ، کە خوێندنەوەیەکی تەئویلییانەی (شلایرماخەر)انە لە دوو ڕەهەندەوە وەربگرین:

أ/تەئویلێکی ڕستەسازیی زمانی (فیلۆلۆجیا)، کە تەئویلێك بێت، بوەستێتە سەر تێگەیشتنی زمان. بەو جۆرەی کە ئامرازی گەیاندنو مەرجی گوتارو نواندنی زەینی تاك بێت.

---

١- بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی لاساییکردنەوەی سۆفییەکان لەبارەی مەی و دەرکەوتەکانی لە شیعری سۆفییانەی عەرەبیدا، بڕوانە کتێبی تأویل الشعر وفلسفته عند الصوفیة، ص ١٩٥-١٩٩

ب/ تەئویلی دووەم بریتییە لە تەئویلێکی تەکنیکیی دەروونی، ئەویش خۆی لە دوو شێوە دەبینێتەوە: یەکەمیان تێگەیشتنی دەربڕین. دووەمیان تێگەیشتنی فیکر، کە دواتر سەردەکێشێ بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی نووسەر، ئەمەش لە ژێر سایەی دەسەلاتی دانەر دەبێ، کەواتە دوالیزمی خودیو بابەتی، کە تێیدا قسەکەر هەوڵ دەدا بە بەکارهێنانی پێکهاتەکانی زمان، شێوازێك دابڕێژێت، کە تەعبیر لە ناخی خۆی بکات، بەمەش تەئویلە تەکنیکییە دەروونییە گوتار ئامێزەکە بەسەر تەئویلە رستەسازییەکە زاڵ دەبێت[1].

لە هەڵسەنگاندن بۆ پەیوەندییەکانی نێوان مەیو یار، هەمیشە لە زەینی وەرگرێکدا، ئەوە دەخەملێندرێ، کە دەبێ پەیوەندییەکان هاویەك بنو یەکێکیان ئەویتر تەواو بکات، بەڵام کە دێینە سەر تێگەیشتنی تەکنیکی دەروونی، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە (مەی) لێرەدا، حاڵەتە حەقیقییەکەی خۆی هەڵدەگرێتو پێویستی بە رەمز نییە، ئەم پێویست نەبوونە دەبێ لە سەرێکی ترەوە قازانج بە گوتاری دەق ببەخشێتو هەتا ستراتیژییەتی گوتاریش ڕوون نەکرێتەوە، گرنگیو نا گرنگی مەی وەكو ڕەمز، یان مەی ئاسایی خۆی دەرناخات. تێگەیشتن لە شیعری مەحویش هەندێ جار پێویستی بە رەچاوکردنی ئەو بڕوایەی سەرەوەی (شلایرماخەر) هەیە، چونکە لە چوارینەکەیدا ئەم ئیشکالیەتەی دەرخستووە:

**بەبێ بەزمی حوزوری تۆ، حەرامم کردوە بادە**

**نەوەك بشکێ بە نەشئەی مەی خوماری دەردی بێ تۆیی**

**لە میحنەت خانەکەی مندا بە بێ تۆ هەر براڕۆیە**

**کە جارێ ئێوە ناپرسن کە من بۆچی بڕاڕۆیی** / ٣٥٩

یەکێك لەو ناڕوونییانەی، کە ڕووبەڕووی ئێمە دەبێتەوە، بریتییە لە سیاقی چوارین، ئەگەر هاتباو ئەم دێرە لە ناو غەزەلێکدا هاتبا، ئەو کاتە مەی لە ناو غەزەلدا بە شێوەیەکی ئاسایی ئەوەندەی لەگەڵ میراتە کلاسیکییە غەزەلیەکەدا پەیوەندی هەیە، ئەوەندە مل بۆ گوتاری تر کەچ ناکات. لەوەدا دەبێ وردتر بین، هەر لەبەر ئەوەشە چوارین بوارەکەی ئەوەندە تەسکە، ڕێ بەوە نادات غەزەلیانە مەیو خۆشەویستی بە شێوەی نیشاندانی میراتە کۆنینەکە نیشان بدرێت.

وردبوونەوەش بە شێوە دەروونیو تەکنیکییەکە ئاڕاستەی گوتارەکە لە زەیندا بەرەو سەرسامبوونی وەرگر دەبات، بەوەی ئەمجارە:

١- مەی لەگەڵ یار تەبا نییە، چونکە لێرەدا مەی سەرخۆشبوونی دونیاییە. مەستبوونەکە شاعیر لە بیرکردنەوە لە یار بێ ئاگا دەکات، ناشیەوێت بێ ئاگا بێت، کەواتە چەقو سەنتەری گوتارەکە لێرەدا (یار)ە، ئەگەرچی هاودەمی هەمیشەیی پێشتر (مەی) بووە، کە حەڵاڵی خۆی بووە، بەڵام بڕیاری حەرامکردنی داوە، لەبەر ئامادەنەبوونی یار لە واقیعدا. ئەم ئامادەنەبوونە، ئامادەییەکی زەینی خولقاندووە، ناشکرێ لە لیقاو بە یەکگەیشتنە زەیینەکەدا بە هۆی (مەی) بشێوێندرێتو ونی بکات.

---

١- قراءات في الخطاب الهرمينوطيقى، الدكتور عامر عبدزيد، ابن النديم للنشر والتوزيع، الجزائر، الطبعة الثانية، ٢٠١٢، ص١١٢

٢- دەرکەوت، کە شەراب لە کاتی وەصل دایە، نەك فیراق. کاتێ بە یار دەگات مرازی هاتۆتە دی‌و ئیتر لە بینینیدا مەست دەبێت‌و هەروەك ئەوە وایە شەرابی خواردبێتەوە، بەڵام لە غیابی ئەودا هەمیشە هۆشیارە، تا لەبەر چاوو زەینی ون نەبێت.

٣- ئەگەر زۆربەی جار (یار) لەگەڵ (مەی)دا، رەگەزی مێینەتی بەخۆیەوە بەخشی بێت، یان فریشتەو خودا بێت، ئەوا ئەمجارە لە گوتارە دەرونییەکەدا، (یار) پشتیوانێکە، کە لە فەرهەنگی کوردیانەدا پشتیوان دەبێتە (برا)، بۆیە بە بێ بوونی ئەو بۆ هەردوو لا، لە لایەك لەدەست چوونی برایە، واتە بە بێ یار لای شاعیر براڕۆیە. واتە شاعیر ئەوی بە (برا) دانا. لەلایەکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە شاعیر هێندە وەفای هەیە، شەڕابیشی لەخۆی حەرام کردووە، کەچی جارێك نەیبیست یار بڵێ کوا برام؟ بەو واتایەی شاعیر خۆی بە برای ئەو دادەنێت‌و ئەویش بە برای خۆی دادەنێت، بەڵام دەشێ لای یار وا نەبێت.

٤- ڕۆچوون بۆ ناو سینتاکس‌و گەمەی زمانی، کە لە بەرژەوەندی ئاڵۆزکردنی دەقدا دەبێت، دەبێتە هۆی روونکردنەوەی گوتارە تایبەتییەکەی شاعیرو تێیدا لەناو وردەکارییەکاندا واتای قووڵتر خۆی هەڵدەکرێنێ، بەجۆرێك، کە لە بونیادە زمانییە سینتاکسییەکەی ئەم چوارینەیە ڕادەمێنین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە جێگۆڕکێیەك لە جێناوەکانی تۆ/ ئێوەدا کراوە. گۆڕینی یەکەمیان بە دووەم لە سیاقە زەینییەکەدا، مەدلوولێك دەهێنێتە ئاراوە، کە دایەلۆگ سازاندنەکە لە نێوان شاعیرو یاردا سەرەتا ئامادەییەکەی بە تەنیا لە (تۆ)دایە، واتە وجودی تەنیا یەك کەس، کە بارتەقای هەمووانەو هەر ئەو قورساییەشە بادەی لە پێناودا بۆ حەرام کراوە، بەواتایەکی تر دەردی (بێ تۆیی) نەك (بێ ئێوەیی) وای کردووە ئەم هەڵویستە بگرێتەبەر. واتە شاعیر یەك کەسی گەرەکە، کە (تۆ)یە، بەڵام لە پەیوەندی بەستن لەگەڵ شاعیردا لە حاڵەتێکی دەروونیدا، کە ژیانە لەناو میحنەتخانەداو پشت شکانە بە نەمانی برا/ تۆ، ئیدی گوێی لە پرسینێك نییە، کە هێزو قورسایی (ئێوە) بپرسن بۆچی براڕۆیی دەکەی؟ یان بۆچی دابڕان هاتۆتە کایەوە؟

٥- نیشانەیەکی تری ئەوەی هەر دوولا نێرینەن، جۆرێك وێکچواندنە بۆ وێنەی یەعقوب لەگەڵ یوسف، کە بۆتە ڕەمزێك لەناو مێژووی ئەدەبیاتدا، بە نیشانەی غەمگینی‌و ئەو کونجەی تێدا گیرسایەوە بە کونجی غەم (بیت الاحزان) ناسراوە. کەواتە خودی شاعیر لەگەڵ نێرینەیەکی تردا فیراقی کردووە، هەمیشەش لە مەیخانە تەنگ‌و ناخۆشتر ئەو کونج‌و گۆشەی زیندانی ژیانە، بە تایبەتی بۆ بابای سۆفی، میحنەتخانەکە لە مەیخانەکە ناخۆشترەو هەندێ جار بە دونیاش چوێنراوە، دونیایەك کە بۆ سۆفی پڕ لە ناخۆشی‌و ئازار بێ. وەك دەڵێ:

**لە حینی نەزعی ڕۆحا، ڕۆحی عاشق**

**وتی ئۆخەی لە میحنەتخانە دەرچووم.** /٢٢٥

ئەم میحنەتخانەیە، هەمان میحنەتخانە تایبەتییەکەی چوارینەکەی سەرەوەیە، کە یاری نێرینەو رابەری ڕێگاکەی خۆی بەهەموو هێزو قورسایی‌و موریدو دەست‌و پێوەندییەوە قسەیەك لەبارەی شاعیرەوە ناکەن، ئەگەر خودی یاریش قسە ناکات، بەڵام فەرمانێك ناکەن‌و بە یەکەوە چرپەی براڕۆیەکیان لێوەنایەو لێی ناپرسنەوە.

**٧-١ یار یەکسانە بە مەی و ساقی**

دوای ئەوەی زانیمان پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان مەی و یار هەیە، پەیوەندییەکەش ئەگەر لە ڕووکەشدا دۆستایەتی پێوە دیار بێت، بەڵام ئامادەیی یەکێکیان غیابی ئەویتریانە. ئەوەی ئیشکالییەت دەسازێنێ، ئەوەیە، کە ریتمەکە هەر بەم شێوەیە نامێنێتەوە، بەڵکو ئەوەی گەمەی زمانی و کێشەی واتا دروست دەکات، بریتییە لە نیشاندانی تەرزێکی تر لە وێنەی ئەم پەیوەندییە، ئەویش خستنە ڕووی وێنەیەکی تێکەڵە، بەوەی یار لە چوارچێوەی مەی و ساقیدا خۆی بەرجەستە دەکات، بەڵام وەرگر ناتوانێ لە یەکێکیاندا یەکلاییان بکاتەوە. وەرگری ئاسایی هەمیشە لە گونجانی یەکەکانەوە حوکمی ئاسایی بوونی واتا دەکاتە پێوەری لێکدانەوەی راستترین واتا، چونکە بۆ مرۆڤ نزیکییەکە لە ساقییە نەك مەی، چونکە مەیگێڕ (ساقی) لە بونیادی وشەکە لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە لە خودی شاعیر هاوبەشی دەدۆزێتەوە زیاتر وەك لەوەی (مەی)، کە تەنیا هەوێنی دەستی ساقییە بۆ مەیخۆر. هەر تەنیا ئەمە بەس نییە کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگاداو ڕەچاوکردنی لۆجیك، وەرگری ئاسایی شاعیرو ساقی لەیەك نزیك بکاتەوە، بەڵکو ڕامان لە سیاقەکەداو وردبونەوە لە تەئویلی غەزەلەکەدا، ئەوەی لێ هەڵدەکرێندرێ، کە شاعیر کاتێك دەڵێ:

**دەفەرموێ کە حەکیم و دەوا مەیەو ساقی**

**دەگرنەوە لە نەخۆشی منا کەوا (حافظ)** / ١٦٢

ئەوا چنینەکە جیاوازی تێگەیشتن دروستدەکات، چونکە ئەگەر پێش هێنانەوەی شیعرەکە پرسیارێك بەم شێوازە بکرێ: ئایا مەیگێڕ (ساقی)، یان مەی، لە مرۆڤ نزیکترە؟ بێگومان دەربڕینەکە لەگەڵ شیعرەکەدا زۆر جیاوازە. لە شیعرەکەدا مادەم حەکیم و دەوای بەکارهێناوە، دەشێ مەی دەواو، ساقی حەکیم بن. لە بەرامبەریشدا نەخۆشی پێویستی بە هەردووکیانە. بە بێ مەیەکە دەوا بەهای نییەو بە پێچەوانەوەش راستە، هەروەها ساقیش ئەگەر حیکمەتی نەبێت ناتوانێ هەڵسوکەوت لەگەڵ (مەی)ەکە بکات.

لێرەدا شێوازێك لە ڕووی تێگەیشتنەوە هاتە ئاراوە، بەڵام (مەحوی) بە کارزانیی لە چنینی دەقەکەدا بڕیاری یەکلاکەرەوە نادات، ئەوە خوێنەرو ڕەخنەگرن لە وردبونەوەیان هیچ نەبێت لایەنێکی تاریکی مەبەستەکە ڕۆشن دەکەنەوە. نەخۆشی شاعیر پێویستی بە دەواو حەکیمەکە هەیە، بەڵام لە ئەنجامدا ئەو نەخۆشییە لە ڕووی ناواخن و عەقڵەوە دەشێ کەم و کوڕی هەبێت، کەم و کوڕییەکەشی لە خۆ سازدانە بۆ لیقای گەورەو جەزبەو هۆگری و حاڵ گرتن، ئەوەی لە ناخەوەش (باطین) کەم و کوڕی هەبێ، دواجار هەر دەردەکەوێ و ڕەنگە شەل و شێتیش بن، ئەم شەل و شێتییەیە دواتر سەردەکێشێ بۆ خەڵوەیەکی تایبەتی بوو:

**لە نەقصی باطین ئەگەر ئاخری دەبێ ظاهیر**

**لە ئاخرا شەل و شێتی عەقیدەما جاحظ** / ١٦٣

کاریگەرییەکە ڕوون بوویەوە، کە بۆیە پێویستی بە مەی و ساقی هەیە، کە حەکیم و دەوان و نەقصی ناواخنیان هەیە، بەڵام سەرسەختترین ئازار، کە پێویستی بە چارەسەر بێت، ئەم نەخۆشیەیە، کە دەشێ دەرکەوتنی زاهیر ناوەرۆکی لەبیر بردبنەوە. هەتا ئێرەش وەرگر بیری بۆ ئەو

پێشبینییه ناچێت که دەڵێ:

**چ شۆخه هاتبۆ گۆیا عەیادەته مەحوی**

**که ڕۆیی، ڕووشی نەدامێ، بڵێ خوا حافظ / ١٦٣**

ئەم شۆخ و دڵبەر، یارە، هاتۆته لای مەحویش و قسەی نەکردووە، ڕوونەدان و قسه نەکردنەکەش پەیوەندی نەخۆشییەکه لەگەڵ یار کەمتر دەگونجێ. نەك هەر ئەمە، بەڵکو له سڵاو و ماڵئاوایی ئاینییش بێزاری پێوە دیاربێت و له دڵی بۆته گرێ، که ئەو هاتووە بۆ عەیادەت و لێپرسین، بەڵام ڕووی نەداوەتێ، چونکه زانیویەتی له نەقصی باطیندا، دواجار شوێنەوارەکەی هەر دیاردەکەوێت.

### ١-٧-١ مەی نوورو یار مێینەیه

مێینه بوونی دەق له لاپەڕەکانی پێشوودا لێی کۆڵدرایەوە، بەڵام تێکەڵکردنی جۆراو جۆری یار له ڕووی ڕەگەزەوەو دووبارە هاتنی لەگەڵ (مەی) دا، به جۆرێکی تر سەر له وەرگر دەشێوێنێ. ئەم ئاڵۆزییەش له سەرتاپای غەزەلەکەوە به دیار دەکەوێت، چونکه جگه لەوەی که بەکارهێنانی ئەم جۆرە له دارشتنی غەزەلییانه له مێینەبوونی یارو ئاوێتەبوون لەگەڵ مەستی و ڕەگەزەکانی مەی، چێژ به دەق دەبەخشێ و لاسایی میراتی کلاسیکییانەی بەر له سۆفیگەرییە، بەڵام داهێنانەکه له ڕەگەز گۆڕین و هەوێنی مەی و مەیینەکەدایە.

به زۆری له شیعرەکاندا دەردەکەوێت، ئەگەر نیگەرانی و هیجران و فیراق لەگەڵ یار هەبێت، ئەوا پێویست دەکات که (مەی) بێتەوە ناو دەقەکه، به جۆرێك ئەوەی ئێمه تێبینیمان کردبێت، هەر کاتێك یار ون بووبێت، خودی شاعیر تەئویل بۆ وێنەکەی دەدۆزێتەوە، بەوەی هێندە حەوجێی یارە خۆی کردۆته خاکی بەر پێی، ئەمه دەیگەڕێنێتەوە بۆ تاریکایی کردەوەکانی، بەوەی به وەصلی یاری حەقیقی نەگەیشتووە، بۆیه ئەم تاریکاییه دەبێ به نوورێك ڕوناك بکرێتەوە، که له نوورەکانی تر جیاوازبێت، ئەویش نووری بادەیه. بەکارهێنانی (مەی)و تێکەڵکردنەوەی لەگەڵ دۆزینەوەی (یار)دا ڕەونەقێکی تر به چنینی دەق دەبەخشێت:

**به نوری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم، چبکەم**

**به شەمعێکی وەها چاری شەوێکی وانەکەم چبکەم! / ٢٣٠**

یان له شیعرێکی تردا دەڵێ:

**که هەڵگیرسا له نووری بادە شەمعی حوسنی جانانه**

**نەچێته سەر طەریقەی حەزرەتی پەروانه، دڵ چبکا؟**

لەلایەکی تر بەکارهێنانی وشەی (شەمع) له هەردوو دێرەکەداو هاتنی به هاوشانی لەگەڵ بادەدا، به بارە تەئویلییەکەی (نوری عیرفانه که له دڵی عاریفی خاوەن شهود هەڵدەگیرسێ و ئەو دڵه ڕۆشن دەکاتەوە.. ئەم شەمعەش ئەو گڵۆپەیەو نوورەکەش تەجەللایەکەیه، که له شێوەی

شووشەدا خۆی دەنوێنێت، شووشەکەش پارێزەری چرایەکەیە).[1] بە هەردووکیان (بە بادەو شەمعەکە) بەرەو دۆزینەوەی بوونی حەقیقی دەچن، واتە ئامرازێکن یاری راستەقینەی پێ دەدۆزنەوەو لەوەدا دەگەن بە کەمالی تەواو.

بەم قۆناغانەی خوارەوە، ئەگەر یار بدۆزرێتەوە، ئەوا شاعیر هەنگاوی بۆ دەنێ:

یەکەم: دەسگیر نەبوونی یار لەلایەن شاعیرەوە، هەمان کلتورە کۆنەکە دەسازێنێتەوە، کە ئاین گۆڕین و مەزهەب گۆڕینە، ئەمە مەبەستە راستەقینەکە نییە، ئەوەندەی سەرسوڕمانییە لەوەی، کە ئەگەر کارێکی وانەکەم چ شتێك بکەم؟:

**لەگەڵ دەستی مەلا رێ ناکەوێ زوننـاری زولفی یار**

**وەکو (شێخ) ئیختیاری مەذهەبی (تەرسا) نەکەم چبکەم** / ۲۳۱

دووەم: خۆکردنە خاك، کەچی یار ئامادە نییە پێی خۆی بەسەر شاعیرەوە بنێ، ئەمە هێندە رەشبینی دەکا بەوەی خۆڵی هەموو دونیا بەسەرخۆیدا بکا، هەمووشی لە پێناوی (یار)ە:

**لە ڕێی ئەو شۆخەدا خۆم کردە خاك و پێی نەنا پێما**

**دەسا خاکی هەموو عالەم بەسەر خۆما، نەکەم چبکەم**

سێیەم: قۆناغی شێت بوونە، بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەو شێتییە شۆڕشێك بەرپا بکاو (یار)ی دەسگیر ببێ، چونکە دوو قۆناغەکەی تر مەحاڵە. ئەمجارە بە پاساوی ئەوەی شێت هیچی لەسەر نییە هەوڵی خۆی بدات:

**دەمێکە شاری پڕ شۆری مەحەببەت مات و خامۆشە**

**بە قانونی تەجەننون، شۆڕشێ ئینشانەکەم چبکەم**

چوارەم: کڕنوش بردن لەبەر دەرگای یار، ئەم دەرگایە هاوشێوەی دەرگای مەیخانەیە، کە لە دەقی تردا ئاماژەی بۆکراوە، ئەگەر دەری مەیخانەشی دەسگیر ببێ هەر گەرەکیەتی، لەبەرئەوە دوای نەمانی گریان، نۆرەی سوجدەبردن دێت:

**لەچاوانم نەما گریە، نۆبەی سەجدە بەردەریە**

**سیاسالم نەبارە، نوێژی ئیستیسقا نەکەم، چبکەم**

پێنجەم: یارویستن و نەویستنی سەرتاپای خەڵك، ئەگەرچی هێشتاش دەسگیری نەبووە، بەڵام بۆ دەرخستنی راستگۆیی و وەفاداری خۆی، (یار) لە کۆتاییدا هەڵدەبژێرێ و ئەوانیتر لەخۆی قەدەغە دەکات:

**لەسەر تۆم دوشمنە دونیا قەزییەم (مانع الجمع) ە**

**کە تەرکی تۆ نەکەم، تەرکی هەموو دونیا نەکەم چبکەم**

شەشەم: بێ ئومێدی لە (یار)و هیوا خواستن بۆ مردن:

**بەجێ ماوم لەیاران، نابەجێ ماوم، ئەجەل: زووبە**

**بە مردن لەم قوصوری ژینە ئیستیعفا نەکەم چبکەم**

---

١- مفاتيح الاعجاز في شرح گلشن راز، شمس الدين محمد لاهيجى، مقدمة، تصحيح تعليقات: دكتر محمد رضا برزگر خالقى و عفت كرباسى، انتشارات زوار، چاپ ششم، تهران، زمستان ١٣٨٥ص٥٠٨،٥٩٧

حەوتەم: کۆتا قۆناغو وەعددانی یارە بۆ بە یەك گەیشتن لەرۆژی حەشردا:

**ئەوا لەیلا بەرۆژی حەشر ئەدا وادەی لیقا مەحوی**

**هەتا قامی قیامەت، ئاهو واوەیلا نەکەم چبکەم** / ٢٣٤

لەکۆی ئەم حەوت قۆناغە دەشێ ئەم سەرنجانە هەلبهێنجین:

١- مەی هەوێنی گەیشتنە بە (یار)، هەر بۆیەش لە سەرەتاوە دەست پێکردنەکە بە نووری بادەیەو کۆتاییەکەش وادەی لیقای (یار) ە.

٢- ئەگەرچی لە دێری سێیەمو چوارەمدا وشەکانی (یار)و (شۆخ) هاتوون، کە رەگەزی مێینەبوون دەبەخشن، بەڵام لە ئەدەبیاتی سۆفیگەریدا مەرج نییە یارو شۆخ هەموو جارێ مێینەبن، هەتا ئێرە وەرگری نیمچە شارەزا لە نێوان نێرینەیی‌و مێینە بووندا دوو دڵە، کە دەگاتە دێری کۆتایی بە وشەی (لەیلا) مێینەبوونەکە زیاتر دەسەلمێ، هاتنیش بە هاوتا لەگەڵ بادەدا، چێژی دەق زیاتر دەکەن‌و لە ڕووکەشدا (یار) دەکەنە مێینە، بەڵام ڕەنگرێژکردنە سۆفییانەییەکە سەلمێنەری ئەوەن لە ڕووخساردا نیشاندانی مێینەبوونەو لە باتینیشدا یاری حەقیقییە، لە نێوان خوداو پێغەمبەر (د. خ)و رابەردا.

٣- تەکنیکەکەی ئەم غەزەلە وا هاتووە، کە لە ڕووی واتاوە ئاسان نییە جێگۆرکێ بە بەیتەکان بکرێ، ئەگەر لە غەزەلی تردا ئەمە ئاسایی بێت، لەم غەزەلەدا تەکنیکەکە قۆناغ قۆناغ داڕێژراوە، لە رۆشنایی بۆ ژووری تاریكو پاشان ئاین گۆڕین‌و ئینجا خۆکردنە خاكو دواتر شێت بوون‌و کڕنوش بردن‌و وازهێنان لە سەرتاپای خەڵكو بەرەو مردن‌و حەشرچوون. هەموو ئەمانە وەك ئەلقەی زنجیرێك وان‌و لە یەکتر دانابڕێن. واتە یەکێتی بابەت بەسەر سەرتاپای شیعرەکەدا دابەش بووە، کە ئەمە داهێنانێکی تازەگەرییەو لەسەر دەستی مەحوی ئەنجام دراوە.

### ١-٧-٢ مەیگێڕ (ساقی) یارە

پەیوەندی نێوان یارو مەی لێرەدا دەگاتە لوتکە، بەوەی چیتر مەی هەوێنی نزیککەوتنەوە نابێت بۆ یادخستنەوە، یان ون بوونی یار، وەك پێشتر روون کرایەوە. بەڵکو لە سیاقی دەقەکەدا وا دەبێ یار خۆی دەبێتە مەیگێر (ساقی):

**ئەگەر ئەو شۆخە ساقی بەزمە، باتل قاچی بوو موفتیش**

**دەبێ ببنە قەدەح وەرگر لەگەڵ فەتویی (ولا یقدح)** / ١٠٣

لێرەدا ئەم سەرنجانە هەن:

أ/ نیشاندانی ئەوەی قازی‌و موفتییەکان لە دژی شەرابی سۆفییەکانن. مەبەستی شاعیریش ئەوەیە دەبێ کەشێك بڕەخسێ ئەوان فتوای حەرامکردنی (مەی) نەدەن، چونکە ئەو مەیە تایبەتە بە مەی مەعنەویی سۆفییانە.

ب/ وەرگر لەسەرەتادا بۆ وشەکانی شۆخ‌و ساقی، بیری بۆ مێینەبوون دەچێت، بەڵام لە سیاقەکەدا دەردەکەوێت کە (شۆخ/ یار) بە پلەو پایەی کەماڵی‌و زانستەوە لە قازی‌و موفتی

بەرزترە، ئەم پلەیەش لە ڕوانگە شەرعییەکەدا بۆ پیاوانە نەك ئافرەتان. کەواتە هەردوو واتاکە بۆ یارێکی نێرینەیە.

ج/ لە سیاقی تەواوی ئەم غەزەلەدا دەردەکەوێت، کە یار تەنیا (مەی) دەگێڕێو بەس، ئەوەندەی شاعیر بیەوێت پێی بگات پێی ناگات، ئەم بەخشینەوەیە بۆ ئەوەیە بۆ مەحزونان (لاتحزن) بکاتە دیاری. لەگەڵ ئەوەشدا چونکە ئەوان نەگەیشتوونە پلەی کەماڵو هێشتا لەو قوتابخانەیەدا هەر سوختەن، بۆیە پەیامی دڵخۆش مەبە (لاتفرح)یان پێ نادا، مەی- ەکە تەنیا لاکەوتنی نیگەرانییە، بەڵام مەرج نییە دڵخۆشیان بکات:-

**بەخەندەی لەب دەداتن مژدە (لاتحزن) بەمەحزونان**

**دەمی تیغی برۆی ئینشا دەکا تەهدیدی (لاتفرح)** / ١٠٦

زوبانی شاعیریش بەتەمای لێستنەوەی لێوو زمانی سوێری ئەوە، بەڵام هەر بە تەمایەو نەگەیشتوەتێ. وێنەکە لە لاسایکردنەوەی گیانداران بۆ لێستنەوەی شتی سوێر وەرگیراوە:

**بووە هەم قافیەی لێوت زوبانم، ئیتیفاقانە**

**دەبێ عاجز نەبێ، وا هاتووە ئەو ئەملەح، ئەم ئەفصەح** / ١٠٦

### ١-٧-٣ ساقی خودایە

لە نموونەکەی سەرەوەدا، بە هیچ کلۆجێك دڵی وەرگر بەوە ئاو ناخواتەوە، کە ساقی خودا بێت، چونکە لە سیاقەکەدا بە مرۆڤ بەرجەستەی دەکا، بەڵام دەگونجێ دەورەکان ئاڵوگۆڕ بکرێن، بەو پێیەی ئەگەر مەی هەوێنی گەیشتن بێت بە (یار)، ئەوا لێرەدا مەی نزیکترین بواری گەیشتنە بە یارو لێی جوێ نابێتەوە. دەشێ مەی وەك هەمیشە شادی بەخش بێت، بەڵام مەرج نییە مەیگێر (ساقی) لە مەیخۆران ڕازی بێت. بە تایبەتی ئەگەر مەیخۆران بە دڵەوە لە دڵسۆزییەوە بەرەو مەیخانە نەچن.

جا هەنگاوەکانی گەیشتن بە (یار) لە ئەدەبیاتی سۆفیگەریدا، جۆراو جۆرن، بەو واتایەی وەك پەیژەیەك وایەو دەبێ سۆفی بیانبڕێت، تا دەگاتە لوتکە، هەیانە بە هۆی نێوەند (وسیط)ی ڕابەرێکەوەیەو، هەیانە بە هۆی پێغەمبەرە (د.خ)و هەشیانە لە حاڵێکی نزیك دایەو ڕاستەوخۆ مەی بە شەرابی خۆشەویستی خوداو مەیگێڕیش بەخودا دادەنێ:

**گوڵاوو ئاگراوە بادە ئەمشەو**

**طه رە بناکە مەیو ساقی غەضەبناك** / ١٨٦

ئەم وێنەیە ڕاستەوخۆ بۆ وەرگر شەوێکی ناو مەیخانەیەو، شەراب شادی هێن بۆ دڵی شاعیرو مەیگێڕیش توورە بۆ بەخشینی مەی. ئەگەر بە تەنیا ئەم دێرە وەربگیرێو بە دەورووبەر نەبەسترێتەوە، ئەوا وەك ئەوە وایە وەرگر دەست خەڵەت بدرێ. لەبەرئەوە وەك بنەمای شیعری کلاسیکی، خودی تاکە دێرەکە یەکێتیی بابەتی تێدا ئاخنراوەو واتا بە تەواوی خۆی بە دەستەوە دەدات، بەڵام کە شاعیر لە سیاقێکدا مەیخانەو ساقیو مەی پێکەوە بەرجەستە دەکات، لە شەرحی خودی دیوانەکەشدا، لەم دێرەدا وەرگر هەست بە بوونی خودا ناکات، بەڵام کە سەرتاپای غەزەلەکە

دەخوێنێتەوە، ساقی دەلالەتی خودا دەبەخشێ، کە لە بەخشینی شەرابی خۆشەویستی خۆی بۆ بەندەکانی تووڕەیە. وەك خوێندنەوەی هێرمینۆتیکیش مامۆستایانی مودەڕیس وەك وەرگری سەرەتایی تەماشایان کردووە، بەرەو تەئویل نەچوونە، بەڵام لە دێری دواتردا وەرگر هەست بەوە دەکات، ئەگەر پێشتر ساقییەکەی بە ساقی دونیایی دانابێت ئەوا بەهۆی ئەم دێرە پووچەڵ دەبێتەوە:

**لە دڵدا خەلق و خوا بوو، فائیدەی چی**

**کە دەم پڕ بێ لە إیاك...و إیاك** / ۱۸۷

کەوایە خوا (ساقی) لەبەرئەوە تووڕەیە، قایل نییە بەوەی جگە لە ئەو کەسی تر لە دڵی بەندەدا هەبێت. لەبەرئەوە ئەوەندەی بەندە بانگی ساقی بکات، کە دڵیان بە شەڕابی خۆشەویستی خۆی تەڕ بکاتەوە، هەتا دڵ ئامادە نەبێت و خۆی لە دونیا پەرستی و بەندەی تر پاك نەکاتەوە، ئەم شەڕابە (گولاو)*ەی پێ نابەخشرێ.

ئەم پێشبینی نەکردنە، لەسەرەتادا وەرگر توشی جۆرێك لە ئاسۆی چاوەڕوانی دەکات، بەوەی لە واتاکەی ڕاڕا دەبێت، یان کتومت بڕوا بە یەکێکیان دێنێت، بەڵام بەرە بەرە واتاکەی زەینی، کاڵ دەبێتەوەو واتای تر جێگای دەگرێتەوە، ئەمەش ئەگەر وەرگرەکە شارەزا نەبێ و تەئویلیانە بۆ دەقەکە نەچێت، ناتوانێ لە مەبەستی نزیك بکەوێتەوە. لەلایەکی تر ئەگەر وەرگر سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکەی، ڕۆشنبیرییەکی ئاینی بێت، ئەوا بە دوو شێوە تەئویلێکی ئاینی بۆ شیعرەکە دەکات:

أ/ **تەئویلێکی پەنهان**: ئەمەش ئەو تەئویلەیە، کە لە سیاقی دەقەکەدا بەهۆی واتاوە، هەوڵی ئەوە دەدرێ، هاو شێوەکەی لە قورئاندا بدۆزرێتەوە، بۆ نموونە، کە دەگوترێ:

**گولاوو ئاگراوە بادە ئەمشەو**

**طە رە بناکە مەی و ساقی غەضەبناك** / ۱۸٦

وەرگر بیری بۆ ئایەتی وسقاهم ربهم شرابا طهورا ** دەچێت، بەڵام سەرەتا ناتوانێ ئەم حوکمە بدات، هەتا خاڵی دووەم وەك بەڵگەو ساغکردنەوە بەرجەستە نەکات.

ب/ **تەئویلێکی ئاشکرا**: ئەم تەئویلەیە ڕاستەوخۆ بەهۆی هونەری (تیل نیشان، یان تێهەڵکێش) ی ڕەوانبێژییەوە بیری بۆ سەرچاوەکە دەچێ. لە نیوە دێری:

**کە دەم پڕ بێ لە ایاك و ایاك**

وەرگر بیری بۆ سورەتی فاتیحەو لە نێویشیدا ئایەتی ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾* دەچێ، کە بۆی ساغ بوویەوە ئەم ئایەتە پەیوەندی بە ساقییەکەوە هەیەو زانی ئیدی ساقی خودایە، ئەوسا بە

---

* گولاو لە جیاتی (مەی)، یان ناوێکە بۆ مەی لە ئەدەبیاتی سۆفییانەدا، بەکارهاتووە.

** واتە لەلایەن پەروەردگارییانەوە شەرابی پاك و خاوێنیان پێشکەش کراوە. قورئانی پیرۆز سورەتی الانسان :۲۱

* واتە: خودایە هەر تۆ دەپەرستین و داوای یارمەتیش هەر لە تۆ دەکەین. قورئانی پیرۆز سورەتی الفاتحة :٥

دوای هاوشێوەکەی دەگەڕێت بۆ بەرجەستەبوونی لە قوڕئان، ئەنجا دەتوانێ خاڵی یەکەم یەکلایی بکاتەوە، بە مەرجێك تا ڕادەیەك شارەزای قورئان بێت.

لەلایەکی تر دەشێ چەند تەئویلێك لەناو یەك دێردا خۆیان بەرجەستە بکەن‌و بە هەموویان واتای تەواو بدەن بەدەستەوە، بەتایبەت لەوەدا، کە پرسی مەی‌و ساقی هێندە پەنهان بکرێ، بتوانرێ لە ڕوانگەی جیاوازەوە واتای لێ هەڵبکرێندرێ. بۆ وێنە کاتێك مەحوی دەڵێ:

شەو دەبێ بادەی لە دەستی ساقییەك وەرگرتبێ

ئەم سبەینێیە لە مەشریق دێتە دەر مەستانە ڕۆژ /١٣٨

لە لێکدانەوەی وشەکانی ساقی‌و بادە، مامۆستایانی مودەڕیس پێیان وایە شەو پیاڵەی شەڕابی لەدەستی پیاڵەگێڕێك وەرگرتووە، بۆیە ڕۆژ سبەینان وەك سەرخۆش لەودیوی شاخەکانەوە دێتە دەر. ئەمە ڕاڤەیەکی سادەی دێرەکەیە، پێچەوانەی بەستێن‌و دەوروبەری دەقەکەیە کە گۆڕانکاری لە سەرەتاو بنەتای دەق دروست کردووە. کاتێك جۆرێکی تر لێکدانەوە دێتە گۆڕێ، کە پێی وایە : (شاعیر بەرەو عەشقی ڕۆژ دچێتەوەو ڕوونی کردۆتەوە دەبێ بە شەو پێکی لە دەستی مەیگێڕ (خوا) وەرگرتبێ، بۆیە وا بە مەستی لە بەیاندا سەر دەردێنێ‌و کەوتۆتە مەقامی نەمانەوە (فنا))[1].

ئەمە هەنگاوێك بەرەو تەئویل چوونە، بەڵام هیچ ئاماژەیەك نابیندرێت، بەوەی خودی شاعیر خۆی پێکەکەی وەرگرتبێت، بەڵکو دەگونجێ مادەم لە کۆتاییدا چەقی دەقەکە لە باسکردنی پێغەمبەرو میعراجدا چڕبۆتەوە، پەیوەندییەك بسازێنین، بەوەی لە شەودا قورئانی پیرۆز هاتۆتە خوار، ئەم هاتنە خوارەش بۆ زەوی، کارلێکێکی ڕۆحی وای سازاندووە، کە ڕۆژ نیشانەی چالاکی‌و ڕۆشنایی‌و گەشبینییە، بەهۆی وەرگرتنی ئەم پەیامەوە لە شەودا، مەست بووەو تەواو گەیشتۆتە پلەیەکی بەرزی، ساقییەکە خودایەو نووری خوداش هێندە ڕۆشن‌و کاریگەرە، ڕۆژو پێغەمبەرو گەیاندنی پەیامەکەی مەست کردووە.

## ١-٨ نەی‌و مەی‌و عیشق پەیوەندی هۆرمۆنیان لەگەڵدا هەیە.

هەر لە چوارچێوەی پەیوەندیی فێڵدەکان بە یەکترەوە، لەناو پانتایی بەکارهێنانی (مەی) لە گوتاری شیعریدا، ناکرێ ڕۆڵی (نەی) فەرامۆش بکرێ، کە کەم تا زۆر خۆی لەگەڵ مەی‌و کەشە عیشقیەکەدا دەگونجێنێ. ئەم بەکارهێنانەش هەر تەنیا شێوە تەقلیدییەکە نییە، کە لە ئەدەبیاتی سۆفییانەدا بەکارهاتووە، بەڵکو جۆرێك لە هەستکردنە بە مەعشووق، یان مەستبوونە لەناو دیدگا ئەوینییەکەدا، کە ئازارو ماتەم لەگەڵ خۆی بهێنێ.

ئەگەر (مەبەست لە مەی نوورو ڕۆشناییەکانی واتاو، زاڵبونی عیشقی تاکانەیی (ئەحەدییەت) ـەو، ساقی شەپۆڵی فەیزی ڕەهاو بینینی تەجەللای ناوو سیفات (ئەسماء وصیفات) بێ)[2]، ئەوا دەبێ لە کاتی هاتنی (نەی) لەگەڵ ئەم دوو کەشەدا، بناغەیەکی نزیك لەوانی هەبێت‌و بە بۆنی ئەوان واتاکەی بسازێنینەوە، ئەگەرچی خودی وشەکە لە ناو زاراوەی سۆفیگەریدا پایەیەکی بەرزی

---

١- مەحوینامە، پ. د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر،٢٠١٠، لا ١٦٥.

٢- مولوی معنای مثنوی، کریم فیضی، انتشارات یاران علوی، تهران، ١٣٨٤، ص٣١

نییه، بەڵام بە خوێندنەوەی سیاقەکە دەردەکەوێت، کە نەی لە سیفەتی (ناڵین) دا، خۆی لەگەڵ سۆفی/ شاعیر هاوبەش دەکاتو (لە دەفتەری یەکەمی مەسنەویشدا، نەی، تەنیا رەمزی مەولانا نییە، بەڵکو رەمزە بۆ هەموو مرۆڤێك) [1].

نەی، کە یەکێکە لە ئامێرە مۆسیقاییەکان، بە رێژەیەکی زۆر لە چاو ئامێرەکانی تر لە ناو دەقی سۆفییانەدا، بەکارهاتووە. خودی مۆسیقاش، چونکە جوڵەیەکی تێدایە، ئەم جوڵەیە لەگەڵ جوڵەی ئاوازی بێ دەنگی سۆفییەکاندا دێتەوە، بە تایبەتی هەر لە دەروازەی زیکری (لا اله الا الله) دا، شێوەیەك جوڵەی جەستەیی بە سۆفییەکانەوە دیارە، کاتێك چ بە کۆمەڵو چ بە تاك دەریدەبڕن، دوور نییە بەکارهێنانی ئامێرە مۆسیقاییەکان لەناو سۆفییەکاندا بەو حاڵو مەقامانەی کە بەشێکن لە رێگای گەیشتن بە ئەنجامو دەربڕینی خۆشەویستی لای کەسی سۆفی پەیوەست بێت.

کەواتە ناڵینو هاوارکردنو دەنگ هەڵبڕین لە هۆشیاری، یان لە مەستی حەقیقیدا بێت، کە مەستبوونە لەناو ئەو جیهانەی کە سۆفی تێیدا دەژی، جۆرێك لە وێکچواندن لەگەڵ مۆسیقاو ئامێرەکانی دێنێتە کایەوە، هەر لەبەر ئەوەشە شاعیرانی سۆفی بە گشتی کەم تا زۆر ئامێرەکانی مۆسیقایان بەکارهێناوە:

**ئەی دڵ بناڵە، ساز بدە چەنگی بەزمی عیشق**

**مەی خوێنی جەرگە، ناڵەیی مەحزونیە گەرەك** / ١٩٢

لێرەدا ئەگەر سیاقی وشەکان وەربگرینو هەر سێ چەمکی مۆسیقاو مەیو عیشق دەدۆزینەوە. ئەو سیاقەش لەگەڵ چەمکێکی تردا، چەقو سەنتەری دروستکردوە، ئەویش (دڵ)ـە. دڵ چەقی رێ کردنی سۆفییە بەرەو جیهانی مەبەستدار، جوانترین دەست پێکردنیش بریتییە لە (ناڵین). جا ئەم ناڵینە، چونکە ناڵینی دڵە، ناڵینێکی پەنهانو دەنگ کزە، هەر ئەمەش رێچکەو رێبازی نەقشییەکانە، پێچەوانەی قادرییەکانە، کە دەنگ بەرزییە. کەواتە ناکرێ لێرەدا ئەم ناڵینە بە ناڵینی بەرز بچوێندرێ، چونکە خۆی بە مەحزوونیو نیگەرانی لە قەڵەمی دەدات، رۆیشتنی دڵیش بۆ رێگاو بەزمی عیشق، دەبێ ئاوازێکی لەگەڵدا بێ، کە لەگەڵ ناڵەی دڵ بێتەوە، ئەویش ئاوازی (چەنگ)ە. هەر تەنیا ئەمەش بەس نییە، بەڵکو لەگەڵیدا دەبێ مەستبوون ڕوودبات. مەستبوونەکەش لەناو ئازاری خوێنی جەرگەوە دروست دەبێت، کە خودی جەرگەکە (مەی)یەو (مەحوی)ش ئەم ناڵە نیگەرانییەو ئەم چەنگەو ئەم مەی یەی گەرەکە.

بە لای (مەحوی)یەوە، نەیو ئامێرە مۆسیقاییەکان، هەروەکو چۆن کۆڕی خواردنەوە دەڕازێننەوە، بە هەمان شێوە کۆڕی عیشقو مەحەببەتی سۆفییانەش دەڕازێننەوە. مەبەستەکەش لێی دەبێتە هۆکارێك بۆ زوو مەست بوون، یان بە واتایەکی تر بەهێز بوونی مەستی لە بەهێزی کۆڕی نەیو مەی دایە:

**هەستانت ئەرقیامی قیامەت نیە، چیە**

**بێ دەخڵی چەنگو نەیو مەی لە مەست ئەچم** / ٣٤٢

---

١- درباره نقد ادبی، دکتر عبدالحسین فرزاد، سلسله انتشارات نشر قطرة، چاپ پنجم، تهران ١٣٨٨، ص٨٦

قسەی ئێمە لەسەر ئەوە نییە، کە بۆ کێ گوتراوە؟ وەك مامۆستا (عبدالکریمی مدرس) پێی وایە بۆ سەید ئەحمەدی نەقیبە، گرنگییەکە لێرەدا کارلێککردنی چەنگو نەیو مەی یە، بۆ خۆشکردنی کۆڕی زیکرو فیکرو عیشقی مەحوی، ئەم سازاندنە جگە لەوەی، کە وەرگر هەنگاوێك لە تێگەیشتن دوور دەکەوێتەوە، کەشێکی پڕ لە چێژی خەمرییانە دەسازێنێ، کە هەر سێ چەمك ئامادەییان هەیە.

پەیوەندی نەی لەگەڵ بنەمای خۆشەویستی، هەتا ئەو کاتە گرنگە، کە نەی کاتێك کاردەکاتو دەنگی لێوە دێت، ئەو کاتەی گەیشتن (وەسل) دێتەدی. ئەم گەیشتنە پرۆسەیەك دێنێتە کایەوە، کە بریتییە لە مەستبوون، چونکە خودی (نەی)یش دەبێ کەسێك هەبێ بیژەنێ، کەسەکەش مەعشووقە بۆ عاشقێك کە شاعیرە:

**هەتا لەو یاری دەمسازە جودا مام**

**وەکو نەی بێ نەوا کەوتوومو بێ دەنگ.** /١٩٨

ئەگەر لەناو خودی دیوانی مەحوی دا، سەرنج بدەین، دەبینین بە پێی سیاقی دەقەکان، نەیو کارەکتەرەکەی دەگۆڕێت. لە هەندێکیاندا شاعیر لە بێدەنگیو بێ کەسیدا خۆی وەکو (نەی)ێکی بێ (نەیژەن) دێتە بەرچاو، کە لە راستیدا شاعیر بێ یارە. هەندێ جاریش کارەکتەری (نەیژەن) تەنیا ئەرکی خۆشکردنی کۆڕی خواردنەوەی خۆشەویستی خوداییە، بەتایبەتی لەو دونیا عیرفانییەی مەحویدا، کە پێی وایە ناکرێ مەیخانەو نەیژەنو ساقی دەستە وەستان بنو دەبێ هەمیشە دەرگای مەیخانە بکرێتەوەو نابێ بە وەزیفەی دونیایی حسێب بکرێو لە ناو تێگەیشتنە سادەکەی خەڵك بۆ مەیو مەیخانەو نەیو ساقیدا، مەحوی گەرەکیەتی بچێتە جیهانێکی تر، کە نەیژەنی ڕاستەقینە لەناو ساقیو مەیخانەیەکی مەعنەویدا بدۆزێتەوە:

**هەی لە ژن کەمتر موعەططەل بۆچی؟ نەی ژەن! لێدە نەی**

**ساقیا، ساقت شکێ بەس رابوەستە بێنە مەی**

**ئەو قورمساغە دەڵێن پیری موغانە پێی بڵێن**

**پیری ئاخر شەڕ! دەری مەیخانە تاکەی دادەخەی؟!** / ٣٥٨

دەبینین هەر سێ چەمکی (نەیو ساقیو مەی) لە چوارچێوەی مەیخانە کۆبوونەتەوەو هەریەکەیان بەهایەکی مەعنەوی بۆ بەهێزکردنی دەربڕینی عیشقی حەقیقی هەیەو هەرسێکیان کۆڵەگەیەکن بۆی. وەرگری شارەزا بە بنەما سۆفیگەرییەکانیش، بیری بۆ ئەوە دەچێ، کە نەی دەمارێکی گرنگی رۆیشتنی ئەو پرۆسەیە لە هەریەکە لە ساقیو مەی بۆ گەیشتن بە پلەی خۆشەویستی.

هەندێ جار شاعیر دەیەوێت ئاوازێکی سۆفییانە بخاتە پاڵ ئاوازی نەی، کە بە ئاوازی ناسۆفییانە دەژمێردرێ. بەڵام لە هەردووکیاندا ئەندامەکانی جەستە بە هەردوو ئامێرەکەوە پەیوەست دەکاتو کۆڕی خواردنەوەکە جوانتر دەکاتو خودی (یار) لێرەدا دەبێتە ساقیو کارەکتەرەکانی تریش یەکێك نەی بە لێوەکانی دەژەنێ، ئەویتریش بە پەنجەکانی دەستی، دەف لێدەدا:

وەرنە سەیری سەرخۆشان! ئەو شۆخی مینا گەردنە
بوو بە ساقی دەم بە شککەر خەندە دێ، مینا بەکەف
دەمدەمەی ئەم حەشرە هەستان ئەم دەمە یا ڕەب چبو
لێوی نەی ژەن گەییە نەی، دەف ژەن کە پەنجەی گەییە دەف / ١٧٤-١٧٥

کەواتە دیسان بە هۆی لێدانی دەفو ژەنینی نەیو چالاکی ساقی، سەرخۆشییەکە گەرمتر دەبێ، هەمووشی بۆ بینینی جوانی (یار)ە، چونکە هەموو ئەم کەرەستانە بە تێگەیشتنێکی سادەو ڕاستەوخۆ ناگەنە پایان، بەڵکو دەبێ پەنا بۆ لێکدانەوەو هێرمینۆتیك ببردرێ، بە تایبەتی لەوەدا، کە ئەمانە بە یەکەوە کۆکراونەتەوەو بناغەن بۆ نیشاندانی جوانی. هەر لەبەر ئەوەشە (مەحوی) بۆ خۆی لە ئەنجامی نیشاندانی ئەم کەشەی سەرخۆشبوونە لە عیشقو بیستنی ئەم ئاوازانە، ناتوانێ بە بێ تەئویل وەسفەکە بکات بۆیە دەڵێ:

لاڵە خۆ (مەحوی) لە وەسفی حوسنی بێچوونی نیگار
لا لە تەئویلی خەلەف، قوربانی تەئویلی سەلەف / ١٧٦

نایەوێت بە ڕوانینی تازەوە وەسفی نیگار بکات، بەڵکو هەر بە کۆنەکەوە ڕاقەو لێکدانەوە بۆ ئەم دیمەنە دەکاتو دەیخاتە بەر نەشتەری تێگەیشتنەوە.

لێرەدا بواری ئەوە نییە، هەموو نموونەکانی تێکەڵکردنی ئەم کەرەستانە لای مەحوی بهێنینەوە، لێ ئەوەی گرنگە ئەوەیە با (نەی)و هاوشێوەکانی زاراوەی تایبەتی سۆفییان نەبن، بەڵام بە هاتنیان لە پاڵ چەمکەکانی (ساقیو مەیو خۆشەویستی) دا مۆرکێك لە خۆیاندا بەرجەستە دەکەن، کە گیانو دڵی سۆفی لە هەندێ خاڵدا لەگەڵ نەی هاوبەشە، بە تایبەتی لە ناڵینو بێ دەنگیدا، بە ئامادەییو نا ئامادەیی رابەر/ نەی ژەن. لەوەشدا دەردەکەوێت ئەم (نەی)یەو ئامێرە مۆسیقاییانە تەنیا کەرەستەن بۆ بەهێزکردنی دەربڕینی سۆفییانەو وێکچواندنە بە حاڵی سۆفییانو بۆ دەرخستنی لایەنێکی حەقیقی، بە شێوەی مەجازی هاتوون .

### ١-٩ سیماکانی مەیی مەعنەوی

بێگومان مەی سۆفییانە، وەك ئەوەی لەم چەند لاپەڕەیەی پێشوو تایبەتمەندییەکانی خرایە ڕوو، لە رووکەشدا هەمان چنینو شێوەی مەی دونیایی لە دەقە شیعرییەکاندا بەرجەستە بووە، بەڵام هەندێك سیماو خەسڵەت هەن، کە نیشاندەری ئەوەن مەبەستە شیعرییەکە، لەگەڵ چنینە مەعنەوییەکە دێتەوە، بە تایبەتی لەمەڕ پرسی مەی مەعنەویدا، کە گرنگترینیان:

١- شڵەژان و لاربوونەوە:

ئەم دوو چەمکەو ئەوەی کەم تا زۆر، لەگەڵیان دێتەوە سیمایەکی مەعنەوین، (سۆفییەکان ئەم دوو چەمکەیان لە بۆتەیەکی ڕەمزیو خوازەیی بەکارهێناونو بە واتای زاڵ نەبوون بە سەر ئەندامەکانی جەستەو ون بوونی خۆڕاگری... ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم کاتێك دەیبیست یەکێك

سورەتی الانشقاق: ١ دەخوێنیٚ، دەشڵەژاو رادەچڵەکی)[1]، بەو واتایەی زۆربەی سۆفییەکان، کاتێك بیریان لەو ئایەت‌و گوتانە دەکردەوە، جۆرە راجفرینێکیان تووش دەبوو، کە ترسی خودایان تێدا نیشان دەدرا. جا لەو سۆنگەیەوە، هەر کاتێك باس لە پێکهاتەی (مەی) بکریٚ‌و لە سیاقەکەشیدا لە جیاتی دڵخۆشی، راجفرین‌و پەشۆکانی تێدا بیٚ، ئەوا نیشانەی چڕبوونەوەیە لە مەی مەعنەوی:

**لەپڕ بەردی ئەجەل بۆ شیشەیی عومرم نەوا بیٚ زوو**

**فیداتم، دەست بردیٚ، ساقیا جامیٚ شەڕابیٚ زوو /٢٥٥**

دەبینین لە سیاقی بانگ کردن بۆ ساقی‌و بۆ هێنانی جامیٚ شەڕاب، بە نیشانەی مردن‌و هانابردن‌و دەست بردن‌و فیدابوون، جۆرێك راجفرین‌و پەشۆکانی تێدایە، کە لەم حالەتەدا لە کاتی ئاساییدا بانگی مەی ناکریٚ، هەست دەکریٚ لەگەڵ جۆری مردنەکە، فەنابوونێك دەسازیٚ، بەڵام شاعیر نایەوێت ئەم فەنابوونە هەروا بە بیٚ مەی مەعنەوی، کردەکە دەستپێبکات.

پیری، کە قۆناغێکی دیاری لاربوونەوەی لاشەیە، بە ئومێدی هاتنی مردنە، بەڵام مردنێك بە بادەو مەی مەعنەوییەوە بێت، ئەنجا بە مردن حسێب دەبێت. مەحوی هەر لە سیاقەکەدا نایشارێتەوە کە:

**صەفای صافی جوانی رۆی و دوردی دەردی پیری هات**

**خوماریٚ ماوە بەس ئەمشەو لە بادەی بەزمی دۆشینە /٢٨٣**

کە لە پیریشدایە بەڵام بادەیەکی حەقیقی‌و مەعنەوی هەر ماوە، ئەگەرچی کۆمەڵگا هەر چی ناوێکی لیٚ بنێت.

٢- رشانەوە

رشانەوە وەك چەمکێك کاتێك لەگەڵ دەربڕینی سۆفییانە دێت، بەو واتایەی کرداری رشانەوە لەگەڵ مەی‌و پێکهاتەکانی یەکانگیر دەبێت، ئەوا بارە فەرهەنگییەکەی نامێنێت‌و دەلالەتێکی تر دەبەخشێت‌و پایەیەکی مەعنەوی بە دەربڕینەکە دەدات. چونکە (سۆفییەکان ئەم واژەیان لە بۆتەیەکی رەمزی‌و خوازەیی بەکارهێناوە، وەك دەربڕین روونی، دەرکەوتنی تەجەللا، هەروەك رەتکردنەوەو رازی نەبوون‌و سەرنەکەوتن... یش دەگەیەنێت)[2]. مەحویش ئەم شێوەیەی لەو چوارچێوەیەدا بەکارهێناوە:

**قەی کردنی سوراحی ئەگەر تیٚ بگەی، دەڵیٚ**

**دڵ تێکەڵ هاتنە لەگەڵ ئەم خەڵکە تێکەڵی /٣٠٧**

لێرەدا سوراحی مەی کاتێك دەڕشێتەوەو تەجەللاکە دەردەکەوێت، کەچی خەڵك ئامادەی وەرگرتنی ئەم نوورو مەی خوداییە نین، بۆیە کردەکە لەگەڵ ئەم خەڵکە سەرکەوتوو نابێت.

٣- بیرچوونەوە:

---

١- بين اثار الخمر الحسي والمعنوي، الدكتور الحسن الفاتح قريب الله، مكتبة الدار العربية للكتاب، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٩٩، ص٧٨

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢

بیرچوونەوە پەیوەندییەکی زۆری بە مەست بوون هەیە، بەڵام مەستبوونێکی مەعنەوی، کە حەقیقەتی خەرابات‌و مەیخانەیەکی راستەقینە، مرۆڤایەتی‌و گەوهەرەکەی تێدا بدۆزێتەوە، بۆیە ئەم لەبیرچوونەوەیە (رەمزێکی سۆفییانەیەو ئاماژەیە بە وازهێنان‌و بێ سەروبەری)[1] و مێشك لەسەر لەسەر خۆ نەبوون. لەبەر ئەوەشە هیواخواستن بۆ وەرگرتنی مەیە مەعنەوییەکە، بەو ئومێدەیە کە ببێتە مرۆڤ (کەس) ێکی مەعنەوی و حەقیقی:

**لەبەر قاپیی خەراباتا، کە یارەب دایمە ئاوا بێ**

**مەگەر خاکێ بەسەردا کەم، بکەم گاهێ دەماغێ چاخ** /١٠٦

بەهۆی ئەو خۆڵی بەر دەرگەی مەیخانە، هیوای وایە بێتەوە سەرخۆی، بە مەیە مەعنەوییەکەش تەواو دەبێتەوە بە کەس. لە رووی کردەوەش (مەحوی) تووشی لەبیرچوونەوە بووە، بە تایبەتی بە هۆی سەرقاڵی بە دونیاوەو بەقسەکردنی نەفس‌و دەروون، وای کردووە قیامەتی بیر نەماوە:

**خەیاڵی پووچی دونیا وا دەماغ‌و دڵمی پێچاوە**

**قیامەت! هەر مەگەر رۆژی قیامەت بێتەوە فکرم** /٢٢١

لەم چەند نمونەی سەرەوە بۆ چەند سیمایەکی مەی مەعنەوی، دەرکەوت، مەحوی بە مەبەستەوە ئەم زاراوانەی بەکارهێناوەو ئاگاداری ئەوە بووە، کە مەی مەعنەوی دەبێ هەڵگری چەند خەسڵەت‌و سیمایەك بێت، بۆیە هەمان کردەی پەیرەو کردووە، لەوەشدا ئەوە روون دەبێتەوە، کە سەرباری ئەوەی لە لاپەڕەکانی پێشوودا تەئویلی مەی نیشان درا، بەڵام ئەوەی تەئویلەکە بەهێزتر دەکات، ئەم سیمایانەیە، کە خۆیان خزاندۆتە ناو ئەو سیاقەی، کە مەحوی بۆ پێکهاتەی مەی چنیویەتی.

## ئەنجام

- مەحوی، هەر وەك چۆن (جوانی‌و خۆشەویستی‌و چێژ)ی لە قالبی غەزەل‌و عیشقدا جێکردۆتەوە، بە هەمان شێوەش ئەم سێ چەمکە لەناو بۆتەی ئەو دەقانەشدا جێگای دەبێتەوە، کە ناوەڕۆکەکەیان باسکردنە لە مەی‌و شەڕاب. بۆیە لای مەحوی عیشق‌و مەی بەیەکەوە گرێدراون، بە هیچ شێوەیەك ناکرێ بە تەنیا تەئویل بۆ یەکێك لە چەمکەکان بکرێت، چونکە بە هەردووکیان بنەمایەکی سۆفیانەیان لەخۆدا بەرجەستە کردووە. پەیوەندییەکەش لەنێوان ئەم دوو چەمکە لە غیابی مەی‌و ئامادەیی یاری نێرینە، یەکسانکردنی یار بە مەی‌و ساقی، مێینەیی یارو نووری مەی، مەیگێڕ یارو مەیگێڕ خودایە، دایە.
- تەئویلی دەربڕینی (بەهەشت کردنە قوربانی دۆزەخ) لە گەیشتن بە ئەهلی کەماڵ سەرچاوە دەگرێ، بەلای مەحوییەوە دەبێ دوو هەست بەشداری بکەن، ئەوانیش هەستی بینینی جوانی لە دڵەوەو هەستی چەشتنی مەی مەعنەوی.

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣

- لای مەحوی، شەڕابی حەقیقی لە کاتی وەصل دایە، نەك فیراق. کاتێ بە یار دەگات مرازی هاتۆتە دیو ئیتر لە بینینیدا مەست دەبێتو هەروەك ئەوە وایە شەرابی خواردبێتەوە، بەڵام لە غیابی ئەودا هەمیشە هۆشیارە، تا لەبەر چاوو زەینی ون نەبێت.
- لای مەحوی، هەر سێ چەمکی (نەیو ساقیو مەی) لە چوارچێوەی فێڵدەکانی مەیخانە کۆبوونەتەوەو هەریەکەیان بەهایەکی مەعنەوی بۆ بەهێزکردنی دەربڕینی عیشقی حەقیقی هەیەو کۆڵەگەیەکن بۆی. بە جۆرێك با (نەی)و هاوشێوەکانی زاراوەی تایبەتی سۆفییان نەبن، بەڵام بە هاتنیان لە پاڵ چەمکەکانی (ساقیو مەیو خۆشەویستی) دا، مۆرکێك لە خۆیاندا بەرجەستە دەکەنو بەیەکەوەش تەئویل دەکرێن.
- شڵەژانو لاربوونەوەو رشانەوەو بیرچوونەوەو نوور کاتێك لەگەڵ (مەی) دێن، خواستنی سیماکانی مەیخواردنی دونیاییە، بەڵام لای مەحوی وەك پەیڕەوکردنی بنەمای سۆفییانە، تەئویلی تایبەت بەخۆیان هەیەو دەبنە بەشێك لە سیماکانی مەی مەعنەوی.

## سەرچاوەکان


لە دوای قورئانی پیرۆز

**یەکەم: (بە زمانی کوردی):**

**أ- کتێب**

–دەیری عیشق–کاتێك کە ناخی مرۆڤ دەدوێ، عەبدوڵڵا قەرەداغی، زنجیرەی کتێبی گۆڤاری کۆچ، ژمارە ١١، چاپی یەکەم، ٢٠١٢

– لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت، سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە پانتایی کوردیدا، د. حەیدەر لەشکری، موکریان، چاپی یەکەم، ٢٠١٣

– مەحوینامە، پ. د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٠

**ب- گۆڤارو رۆژنامەی کوردی:**

–مەی و مەستی لە شیعری سۆفیگەری کوردیدا، محەمەد سلێمان عەباس، گۆڤاری رامان، ژ١٧٧، ٢٠١٢/٢/٥

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

**کتێب:**

–بين اثار الخمر الحسي والمعنوى، الدكتور الحسن الفاتح قريب الله، مكتبة الدار العربية للكتاب، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٩٩

– تاويل الشعر وفلسفته عند الصوفية،امين يوسف عودة، رابطة كتاب الاردنيين،١٩٩٥

–الحاوى للفتاوى، عبدالرحمن بن ابى بكر، جلال الدين السيوطى، المجلد الثانى، دار الفكر للطباعة والنشر، بيروت– لبنان، ٢٠٠٤م.

-حقائق الخيام- شرح واف لرباعيات الخيام، الاستاذ ملا حسين سعدى الاربيلى، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠٠٥

**-الصواعق المحرقة على أهل الرفض والضلال والزندقة، احمد بن محمد بن حجر الهيتمى الانصارى، المحقق: عبدالرحمن بن عبدالله التركى، المجلد الثانى، مؤسسة الرسالة- لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٩٧**

-الفتوحات المكية، الشيخ الاكبر والنور الابهر العارف بالله العلامة: محى الدين ابن عربي، المجلد الرابع، بيروت، بدون سنة الطبع

-الفهم والنص (دراسة في المنهج التأويلي عند شليرماخر وديلتاى) ، بومدين بوزيد، منشورات الاختلاف، الطبعة الاولى، الجزائر، ٢٠٠٨،

-قراءات في الخطاب الهرمينوطيقى، الدكتور عامر عبدزيد، ابن النديم للنشر والتوزيع، الجزائر، الطبعة الثانية، ٢٠١٢

-مسند الامام احمد بن حنبل، تحقيق: شعب الارنؤط واخرون، رقم الحديث ١٠٦٤٧، المجلد ١٦، مؤسسة الرسالة، الطبعة الاولى، ٢٠٠١م.

-المفهوم الرمزي للخمر عند الصوفية، الدكتور حسن الفاتح قريب الله، مكتب الدار العربية للكتاب، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٩٩

## سێیەم: بە زمانی فارسی:

### کتێب:

-درباره نقد ادبى، دكتر عبدالحسين فرزاد، سلسله انتشارات نشر قطرة، چاپ پنجم، تهران ١٣٨٨

-مفاتيح الاعجاز في شرح گلشن راز، شمس الدين محمد لاهيجى، مقدمة، تصحيح تعليقات: دكتر محمد رضا برزگر خالقى و عفت كرباسى، انتشارات زوار، چاپ ششم، تهران، زمستان ١٣٨٥

-مولوى معناى مثنوى، كريم فيضى، انتشارات ياران علوى، تهران، ١٣٨٤

-هستى و مستى، حكيم عمر خيام نيشابورى به روايت حكيم دكتر دينانى/ گفتگو از كريم فيضى، انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٨٩

## پوختە

مەی وەك میراتێکی سۆفییانە لە شیعری مەحوی دا، ناونیشانی ئەو لێکۆڵینەوەیەیە، کە هەوڵ دەدات لە روانگەیەکی تەئویلییانەوە خوێندنەوە بۆ چەمکی (مەی) بکات، لە سۆنگەی ئەوەی ئەم زاراوەیە رووبەرێکی فراوانی لە شیعری سۆفییانەی کوردی بەگشتی و شیعری مەحوی بەتایبەتی داگرتووە. بۆیە لەو روانگەوە مانا فراوانەکانی و شێوەکانی لە شیعرداو چۆنیەتی خزمەتکردن بە چنینی شیعری لای مەحوی دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە. لێکۆڵینەوەکە پشتی بە رێبازی شیکارییانە بەستووە بە هاوکاری بنەماکانی تەئویل و تێیدا پەیوەندی (مەی) لە سەرچاوەی قورئانی و میراتی سۆفییانە شیکردۆتەوەو هەروەها هۆکارەکانی بەکارهێنانی لە شیعری سۆفییانە باسکردووە. دواتر لەناو شیعری مەحویدا لە چەند سەرەبابەتێك لەگەڵ نوورو یارو نەی و عیشق و خوداو ئەهلی کەماڵ پەیوەندی دۆزیوەتەوە. پاشان سیماکانی مەی مەعنەوی لای مەحوی دۆزیوەتەوە.

## خلاصة البحث

الخمر كارث صوفي في شعرمحوي عنوان هذا بحث الذي يحاول برؤية تأويلية قراءة مصطلح الخمرمن حيث استحواذها على مساحة واسعة من الشعر الصوفي الكردي بصورة عامة و على شعرمحوي بصورة خاَصة.

ومن هذه الرؤية و النظرة يقوم البحث بدراسة معاني الخمر الواسعة و اساليبها المتوعة في الشعر و كيفية اسخدامها في النج الشعري عندمحوي.

إنَ هذا البحث يستند الى المنهج التحليلي وأسس التأويل في تفسيره وتحليله العلاقات الخمرفي مصادرها القرآنية وإرثها الصوفي وفي بيان أسباب استخدامها في الشعر الصوفي .ويكشف عن العلاقات القائحة بين النور و الحبيب والناي والعشق والرب وأهل الحق والكمال ثم عن الأوجه الموفية للخمر عند محوي .

## Abstarct

Liquor as mystic inheritance in Mahwy's poetries is a title of this research . In it is tried in hermeneutical perspective to do reading for liquor concept . From the point of view that , this term includes many of Kurdish mystic poetry in general , and most of the Mahwy's poetry especially .

This research studies liquor as : multiple meanings , its forms poem , and how it serves poetical knits in mahwy's poetries.

Analytical method is used in this research , in spite of that it benefits from hermeneutical essences , It analyses the relations of liquor with both Qur'an source and Sufi's heritage , and it also mentioned why it is used in mystic poems. After that some relations of it in Mahwy's poetries with these subtitles : reed pipe , God , lass , passion , etc , is discovered . After all , also the formal characteristics of incorporeal liquor are discovered inside Mahwy's poems and shows.